ئەحکامەکانی

ڕۆژووی پێغەمبەر ﷺ

وچەند پرس وباسێك سەبارەت بە

(ڕۆژوو) و (مانگی ڕەمەزان)

ئامادەکردنی
عدنان بارام کەلاری

لە بڵاوکراوەکانی
(ماڵپەری بەهەشت و وەڵامەکان)
Ba8.org
Walamkan.com

دەستپێك و ڕێخۆشكاری

بسم الله الرحمن الرحيم

دەستپێك و ڕێخۆشكارى

إِنَّ الْـحَمْدَ لِلَّـهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُـهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللَّـهِ مِنْ شُـرُوْرِ أَنْفُسِنَا ، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَـالِنَا ، مَنْ يَـهْدِهِ اللَّـهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ . وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـهُ وَحْدَهُ لَا شَـرِيْكَ لَهُ . وَأَشْهَدُ أَنَّ مُـحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

بێگومان ئەگەر بڕوانینە هەر پرس و باسێکی شەریعەتدا دەبینین چاکە و فەزڵ و تایبەتمەندی خۆی هەیە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شەریعەتە پیرۆزەکەی ئێمە لە لایەن خوای پەروەردگارەوە هاتووە و هەر ئەویشە زانستی ڕەهایی هەیە بەوەی کە خێر وچاکەیە بۆ بەندەکانی ، بۆیە بەخۆی ئەوەی بۆ ڕوونکردینەتەوە لە قورئانەپیرۆزەکەیدا ، یان لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە ئەوەی پێڕاگەیاندووین ... ئەوەتا خوای دانا و کار دروست لە ئایەتێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەچاکەی ڕۆژوو دەکات و دەفەرموێت : ﴿ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (البقرة : ١٨٤) ، واتە : بێگومان ڕۆژووگرتنتان چاکترە بۆتان ئەگەر بەو کارەتان بزانن ، کەواتە ڕۆژووگرتنمان خێرترە بۆمان لە نەگرتنی .

زیاد لەسەر چاکەی ڕۆژووگرتن لە فەرموودەی (أبو أمامة) ـەدا ﷺ هاتووە کە ڕۆژوو تەنانەت هاوشێوەشی نیە ، ئەم هاوەڵە بەڕێزە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت : ((أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّـهِ ﷺ فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّـهِ ! مُرْنِـي بِعَمَلٍ آخُذُهُ عَنْكَ ، يُدْخِلُنِي الْـجَنَّـةَ ، قَالَ : « عَلَيْكَ بِالصَّوْمِ ، فَإِنَّهُ لَا مِثْلَ لَهُ ، [وفـي رواية : فَإِنَّهُ لَا عَدْلَ لَهُ] » [1] ، واتە : هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ، و پێم ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردەوەیەکم پێ بڵێ لە خۆتی وەرگرم ، و بمباتە بەهەشتەوە ، ئەویش فەرمووی : بەڕۆژوو بە ، چونکە ڕۆژوو هاوشێوەی نیە .

---

[1] رواه أحـمد في مسنده ، برقم : ٢٢١٤١ ، ٢٢١٩٥ ، أخرجه النسائي في سننه ، برقم : ٢٢٢٠ ، ٢٢٢٣ ، وقال شعيب الأرناؤوط : إسناده صحيح ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي ، برقم : ٢٢٢٠ ، وفي صحيح الـجامع ، برقم : ٤٠٤٤ ، وفي الصحيحة ، برقم : ١٩٣٧ .

هەموو ئەوانەش ئەوە پێویست دەکەن ـ بەپشتیوانی و عەونەتی خوای پەروەردگار ـ لەم دەستپێك وڕێخۆشکاریەدا هەوڵی ئەوە بدەم بە چەند خاڵێك (چاکەکانی ڕۆژوو و چاکەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز) بخەمەڕوو ، ئەوەش بەم شێوەیەی خوارەوە :

📖 بەکەم : چاکەکانی ڕۆژوو : ئەمەش خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە :

- ❑ ڕۆژوو هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی تەقوای خوای پەروەردگار .
- ❑ ڕۆژوو غەل و غەش و ڕق و کینە و وەسوەسە لە دڵ و دەروونداناهێڵێت .
- ❑ ڕۆژوو شکێنەری شەهوەتە بۆ کەسێك کە توانای ژنهێنانی نەبێت .
- ❑ ڕۆژووان دوو جار بە ڕۆژووەکەی خۆش حاڵ دەبێت .
- ❑ ڕۆژوو کراوەتە کەفارەتی هەندێك لە تاوان و سەپێچیەکان ، کە دواتر دەخرێنەڕوو .
- ❑ ڕۆژوو شورا و قەڵایەکی پتەوە لە ڕووی ئاگری دۆزەخدا .
- ❑ گرتنی ڕۆژووی ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار حەفتا پایز خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە .
- ❑ گرتنی ڕۆژووی ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار سەد ساڵ ئاگری دۆزەخ لە خاوەنەکەی دوور دەخاتەوە .
- ❑ گرتنی ڕۆژووی ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار بە ئەندازەی دووری نێوان ئەرز و ئاسمان خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە .
- ❑ پاداشتی ڕۆژووانان پاداشتێکی دیاری نەکراوە .
- ❑ بۆنی دەمی ڕۆژووان لەلای خوا لەڕۆژی دواییدا لەبۆنی میسك خۆشترە .
- ❑ ڕۆژوو شەفاعەتکاری خاوەنەکەیەتی لەڕۆژی دواییدا .
- ❑ دەرگای (الرَّيَان) لەدەرگاکانی بەهەشت تایبەتە بەڕۆژووانانەوە .
- ❑ ئەو کەسەی کۆتایی ژیانی بە ڕۆژووی ڕۆژێك بێت مەبەستی تێیدا تەنها خوای پەروەردگار بێت خوای پەروەردگار دەیخاتە بەهەشتەوە .
- ❑ ڕۆژوو ڕۆژووان دەخاتە بەهەشتەوە .
- ❑ خوای پەروەردگار ژووری تایبەتی بۆ ئەو ڕۆژوانانە داناوە کە ڕۆژووی یەك لەدوای یەك دەگرێت ـ مەبەستی : گرتنی ڕۆژووە سوننەتەکان زیاد لەسەر فەرزەکان ـ .
- ❑ بە خواردندان پێدانی ڕۆژوو ان هەمان پاداشتی ئەو بەدەست دێنیت .

📖 چاکەکانی مانگی ڕەمەزان :

- ❑ مانگی ڕەمەزانی مانگی دابەزینی قورئانی پیرۆزە .

❑ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز مانگی دابەزینی هەندێك لە پەیام و ئایینەکانی خوای پەروەردگارە بۆ پێغەمبەرانی تری .

❑ گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بە باوەڕ و چاوەڕوانی پاداشتەوە هۆکاری لێخۆشبوونی تاوان و گوناهەکانە .

❑ هەر کەسێك پاش شایەتومان ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت ، ئەوا لەگەڵ ڕاستگۆیان و شەهیداندا دەبێت .

❑ لەم مانگەدا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ، ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن ، و شەیتانەکان و مارده یاخیبووەکانی جنۆکە کۆت دەکرێن .

❑ شەوی قەدر لەم مانگەدایە کە زیندوکردنەوەی بەپەرستش خێری لە پەرستشی هەزار مانگ زیاترە .

❑ کۆشش و هەوڵدانی زیاتر لە دە شەوی کۆتایی ئەم مانگەدا سوننەتە .

❑ پاداشت و خێری عومرەکردن لەم مانگەدا وەك خێری حەجێکی تەواوە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ .

❑ مانگی ڕەمەزان دوعا و پاڕانەوەی تێدا گیرا دەبێت .

❑ پلە و پایەی ئەو کەسەی کە دەگات بە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و تێیدا بەڕۆژوو دەبێت بەرزتر دەبێت لەو کەسەی کە پێش ئەو مردبێت ئەگەر لە پێناوی خوای پەروەردگاریش لە تێکۆشاندا شەهید بووبێت .

❑ مانگی ڕەمەزان مانگی خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە .

ئەم باسکردنانەش بۆ زیاتر هاندانی موسڵمانانە بۆ ئەوەی لەم مانگە پیرۆزەدا هەوڵێکی زیاتر بدەن بۆ ئەوەی ڕۆژووەکەیان زیاتر بەپێی سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ بێت ، بۆ ئەوەی ئەگەری وەرگرتنی لەلایەن خوای پەروەردگارەوە زیاتر بێت ، و ببێتە توێشوویەك بۆ ڕۆژی دوایی ، ئەو ڕۆژەی کە کردەوەکانی مرۆڤ ـ لەوانەش ڕۆژوو و قورئان ـ تێیدا دەبن بەشەفاعەتکاری خاوەنەکەیان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ يَومَ

الْقِيَامَةِ ، ... فَيُشَفَّعَانِ » [1] ، واته : ڕۆژوو و قورئانی پیرۆز لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەت دەکەن بۆ خاوەنەکەیان ، ... خوای پەروەردگار هەردوو دەکات بە شەفاعەتکار بۆی .

پاشان با بزانین بەڵگەی ئەو خاڵانەی سەروە چین کە باس لە (چاکەکانی ڕۆژوو و چاکەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز) دەکەن ، جا بە پشتیوانی خوای پەروەردگار دەوترێت :

[1] أخرجه الإمام أحمد في مسنده ، برقم : ٦٦٢٦ ، وقال الهيثمي في (مجمع الزوائد : ٣ / ١٨١) بعد أن زاد نسبته للطبراني في (الكبير) : ((وَرِجَالُ الطَّبَرَانِيِّ رِجَالُ الصَّحِيْحِ)) ، وصححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٣٨٨٢ .

چاکەکانی ڕۆژوو :

- ڕۆژوو هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی تەقوای خوای پەروەردگار .
- ڕۆژوو غەل وغەش وڕق وکینە و وەسوەسە لەدڵ ودەروونرا ناهێڵێت .
- ڕۆژوو شکێنەری شەهوەتە بۆ کەسێك کە توانای ژنهێنانی نەبێت .
- ڕۆژووان دوو جار بە ڕۆژووەکەی خۆش حاڵ دەبێت .
- ڕۆژوو کراوەتە کەفارەتی هەندێك لە ئاوان و سەپێچیەکان .
- ڕۆژوو شورا و فەلاپەکی پێوەو لەڕووی ئاگری دۆزەخدا .
- گرتنی ڕۆژووی ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار حەفتا پاپز خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە .
- گرتنی ڕۆژووی ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار سەد ساڵ ئاگری دۆزەخ لە خاوەنەکەی دوور دەخاتەوە .
- گرتنی ڕۆژووی ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار بە ئەندازەی دووری نێوان ئەرز و ئاسمان خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە .
- پاداشتی ڕۆژووانان پاداشتێکی دیاری نەکراوە .
- بۆنی دەمی ڕۆژووان لەلای خوا لەڕۆژی دواپیدا لەبۆنی مپسك خۆشترە .
- ڕۆژوو شەفاعەتکاری خاوەنەکەیەتی لەڕۆژی دواپیدا .
- دەرگای (**الرَّيَّان**) لەدەرگاکانی بەهەشت ئاپەیەتە بەڕۆژووانانەوە .
- ئەو کەسەی کۆتایی ژیانی بەڕۆژووی ڕۆژێك بێت مەبەستی نێپیدا ئەنها خوای پەروەردگار بێت خوای پەروەردگار دەیخاتە بەهەشتەوە .
- ڕۆژوو ڕۆژووان دەخاتە بەهەشتەوە .
- خوای پەروەردگار ژووری ئاپەیتی بۆ ئەو ڕۆژوانانە داناوە کە ڕۆژووی پەك لەدوای پەك دەگرێت .
- بە خواردنان پێدانی ڕۆژووان هەمان پاداشتی ئەو بەدەست دێنێت .

چاکەو فەزڵەکانی ڕۆژوو

چەندەها ئایەتی ڕوون وئاشکرای قورئانی پیرۆز هاتوون ، هانی ڕۆژووگرتن دەدەن وەکو هۆکارێك بۆ نزیکبوونەوە لەخوای باڵادەست و بەتوانا ، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ چاکەکانی ئەم پەرستنە ، لەوانەش : ﴿ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ (الأحزاب : ٣٥) ، واتە : بێگومان ملکەچکاران بۆ فەرمانەکانی خوا ، و بەڕاستدانەران ، و گوێڕایەڵانی خوا و پەیامبەر ، و ڕاستگۆیان ، و ئارامگران لەسەر ئارەزوو و پەرستش و نارەحەتیەکان ، و ئەوانەی لە خوا دەترسن ، و ئەوانەی لە بەخشینە فەرز و سوننەتەکان دەبەخشن ، و ڕۆژووانانی فەرز و سوننەت ، و ئەوانەی داوێنیان دەپارێزن لە داوێنپیسی و هۆکارەکانی و دەرخستنی عەورەت ، و ئەوانەی کە زۆر یادی خوا دەکەن بەدڵ و زمانیان ، خوای پەروەردگار بۆ هەموو ئەوانە ـ پیاوان بن یان ئافرەتان ـ لێخۆشبوونی تاوانەکان وپاداشتی زۆر گەورەی بۆ ئامادەکردوون کە بەهەشتە .

شوێنی مەبەستیش لە ئایەتەکە ئەوەیە : کە خوای پەروەردگار بۆ پیاوان وئافرەتانی ڕۆژووان لێخۆشبوونی مەزن هەیە ، و پاداشتێکی گەورەی بۆ ئامادەکردوون و داناوون .

وە هەر لەو ئایەتانەی کە ئاماژە بەچاکەی ڕۆژوو دەکەن ئەو فەرمایشتەی خوای پەروەردگارە کە فەرموویەتی : ﴿ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (البقرة : ١٨٤) ، واتە : بێگومان ڕۆژووگرتنتان چاکترە بۆتان ئەگەر بەو کارەتان بزانن .

هەروەها پێغەمبەری خواش ﷺ لە چەندەها فەرموودەیدا ئەوەی بۆ ڕوونکردووینەتەوە کە : ڕۆژوو قەڵایە بەرامبەر ئارەزووەکانی مرۆڤ ، و پارێزەریشە لە ئاگری دۆزەخ ، و خوای گەورە دەرگایەکی لە دەرگاکانی بەهەشتی تایبەت کردووە بە ڕۆژوانانەوە ، و ڕۆژووگرتن نەفس دەگرێتەوە لە تاوان وئەوانەی ئارەزووی دەکات ، تا دەبێتە دەروونێکی ئارام و خۆڕاگر ، هەروەها ئەو پاداشتە زۆر چاکانەی کە سەبارەت بە ڕۆژووانان هاتووە ، لە فەرموودە (صحیح) ـەکاندا بە ئاشکراترین شێوە ڕوونکراوەتەوە ... لەوانەش :

❑ ڕۆژوو هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەفوای خوای پەروەردگار :

چونکە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا سەبارەت بە فەرزکردن و نوسینی ئەم پەرستشە لەسەر موسڵمانان فەرموویەتی : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ

كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُون ﴾ (البقرة : ١٨٣) ، واته : ئەی ئەوانەی باوەڕتان بەخوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ هێناوە ، و بەڕاستان زانیون ، و کارتان بەشەرعەکەی کردوە ، خوای پەروەردگار ڕۆژوی لەسەر فەرزکردون ، وەکو چۆن لەسەر ئومەتنانی پێش ئێوەشی فەرزی کردبوو ، بەڵکو تەقوای خوای پەروەردگار بکەن و پارێزکاربن ، بەوەی کە پارێزەرێك بخەنە نێوان خۆتان وسەرپێچیەکانەوە ، ئەوەش بەگوێڕایەڵی وعیبادەتکردنی خوای شکۆمەند بەتاك و بەتەنیایی .

❑ ڕۆژوو غەل و غەش و ڕق و کینە و وەسوەسە لە دڵ و دەروونداناهێڵێت :

لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە (ابن عباس) .رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا. دەیگێڕێتەوە ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « صَوْمُ شَهْرِ الصَّبْرِ ، وَثَلَاثَةُ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ : يُذْهِبْنَ وَحَرَ الصَّدْرِ »[1] ، واتە : ڕۆژووی مانگی ئارامی ، وسێ ڕۆژ لە هەموو مانگێك غەل و غەش و ڕق و کینە و وەسوەسە و تووڕەیی لەدڵ و دەروونداناهێڵێت .

پێشەوا (ابْنُ الْأَثِيْر) .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. لە واتاکردنی ووشەی ((وَحَرَ)) ـدا فەرموویەتی : ((وَحَرَ : فِيْهِ « الصَّومُ يُذْهِبُ وَحَرَ الصَّدْرِ » هُوَ بِالتَّحْرِيْكِ : غِشُّهُ وَ وَسَاوِسُهُ . وَقِيْلَ : الْحِقْدُ وَالْغَيْظُ . وَقِيْلَ : الْعَدَاوَةُ . وَقِيْلَ : أَشَدُّ الْغَضَبِ))[2] ، واتە : غەش و وەسوەسەی دڵ و دەروون ، وە ووتراوە : ڕق وکینە و تووڕەیی ، وە ووتراویشی : دژایەتی و دووبەرەکی ، وە ووتراویشە : ئەو پەڕی تووڕەیی .

❑ ڕۆژوو شکێنەری شەهوەتە بۆ کەسێك کە توانای ژنهێنانی نەبێت :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمان بە ڕۆژووگرتن دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزووی ژنهێنانیان لەلا بەهێزە و توانای ژنهێنانیان نیە ، ئەوەشی کردووەتە سەرکوتکاری ئەو ئارەزووانە ، چونکە توانای ئەندامەکان کۆت دەکات لە ناردنیان و ئەندامەکان ئارام دەکات و هەموو هێزێك جڵە و دەکات لەسەرکەشی . ئەوەش سەلێنراوە کە ڕۆژوو کاریگەریەکی سەرسوڕهێنەری هەیە بۆ پاراستنی ئەندامەکانی لەش و هێزە دەرونیەکان .

---

[1] أخرجه الإمام أحمد ، في مسنده ، برقم : ٢٣٠٧٠ ، ٢٣٠٧٧ ، وصححه الألباني في صحيح الجامع الصغير وزيادته ، برقم : ٣٨٠٤ .

[2] النهاية في غريب الحديث والأثر ، لابن الأثير : ٥ / ١٦٠ .

ئەوەش لەو فەرموودەیەی کە تێیدا فەرموویەتی : « يَاْ مَعْشَرَ الشَّبَاْبِ مَن اسْتَطَاْعَ مِنْكُمُ الْبَاْءَةَ [1] فَلْيَتَزَوَّجْ ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ ، وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ ، فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ ، فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاْءٌ » [2] ، واتە : ئەی کۆمەڵی لاوان هەر یەکێك لە ئێوە توانای ژنهێنانی هەبوو با ژن بهێنێت ، چونکە زیاتر چاو دەپارێزێت لە بینینی نارەوا ، و پارێزەریشە لە کەوتنە داوێن پیسیەوە ، ئەوەش توانای ژنهێنانی نەبوو ، با پەنا بەرێتەبەر ڕۆژووگرتن ، چونکە ڕۆژووگرتن سەرکوت کەرەوەی ئارەزووەکانیەتی .

بێگومان ئەم شەهوەت شکاندنەش کە بەهۆی ڕۆژووەوە دەبێت ڕێگر دەبێت لەوەی کە موسڵمان بە کوێرە ڕێگاکانی شەهوەتدا بەرەو دۆزەخ بڕوات ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « حَفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ ، وَحَفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ » [3] ، واتە : بەهەشت پەرژین کراوە بەو کردەوانی کە ئارەزووت لێی نیە ، کەچی دۆزەخ پەرژین کراوە بە ئارەزووەکان .

❑ ڕۆژووان دوو جار بە ڕۆژووەکەی خۆش حاڵ دەبێت :

هەروەکو لە فەرموودەکەی پێشوی (أَبُو هُرَيْرَة) ـدا رضي الله عنه هاتووە دەگێڕێتەوە کە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « قَاْلَ اللَّهُ : ... ، لِلصَّاْئِمِ فَرْحَتَاْنِ يَفْرَحُهُمَاْ : إِذَاْ أَفْطَرَ فَرِحَ ، وَإِذَاْ لَقِيَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَومِهِ » [4] ، واتە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ... ، ڕۆژووان دوو خۆشی هەیە و دڵخۆش دەبێت پێیان : ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێت پێی خۆشحاڵ دەبێت ، وە ئەگەر چاوی بە خوای خۆی کەوت خۆشحاڵە بە ڕۆژووگرتنەکەی .

❑ ڕۆژوو کراوەتە کەفارەتی هەندێك لە ئاوان و سەپێچیەکان :

یەکێك لەو تایبەتمەندیانەی کە ڕۆژوو لە پەرستنەکانی تر جیادەکاتەوە ، ئەوەیە کە خوای پەروەردگار ڕۆژووی کردووە بە کەفارەت بۆ :

۞ ئەو کەسانەی کە توانای سەرتاشینیان نیە لەکاتی حەجکردنیاندا بەهۆی نەخۆشیەك ، یان ئازارێك کە لەسەریاندا هەیە .

۞ وە بۆ ئەو کەسانەی کە توانای سەربڕینی هەدیان نیە .

---

[1] (البَاءَةَ) : بریتیە لە هەموو جۆر توانایەك بۆ ژن هێنان ـ جەستەیی بێت یان دارایی ـ .

[2] رواه البخاري ، برقم : ١٩٠٥ ، ومسلم ، برقم : ١٤٠٠ ، عن ابن مسعود رضي الله عنه .

[3] رواه مسلم في صحيحه ، برقم : ٢٨٢٢ ، عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه .

[4] رواه البخاري ، برقم : ١٩٠٤ ، ومسلم ، برقم : ١١٥١ ، واللفظ للبخاري .

۞ وە بۆ ئەو کەسانەی کە بەهەڵە خاوەن پەیمانێك دەکوژن (المعاهد) .

۞ وە بۆ بەجێ نەهێنانی سوێند .

۞ وە بۆ کوشتنی نێچیر لەکاتی ئیحرام پۆشیدا .

۞ وە بۆ ئەو کەسانەی کە (ظهار) دەکەن ـ واتە : بەخێزانەکەیان دەڵێن : تۆ وەکو دایکم وایت ـ .

۞ وە هاوبەشیش دەبێت لەگەڵ نوێژ وزەکات وهەندێك پەرستشی تردا بۆ کەفارەتی ئەو تاوان وهەڵانەن کە توشی بەندەی موسڵمان دەبن لەهەڵسوکەوتەکانی لەبوارە جیاجیاکانی ژیانیدا .

۞ ڕۆژوو دەبێت بە کەفارەتی جووتبوون لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزاندا .

بەڵگەی هەموو ئەوانەی سەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

۞ ڕۆژوو کەفارەتی ئەو کەسانەیە کە لەکاتی حەجکردنیاندا بەهۆی نەخۆشیەك. یان ئازارێك کە لەسەریاندایە سەریان دەناشن :

خوای بەرز و بڵند و پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ ... وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ... ﴾ (البقرة : ١٩٦) ، واتە : حەج وعومرە بەتەواوی بەجێبگەیەنن ، و بەخاڵصی بۆ خوای پەروەردگار ئەنجامیان بدەن ... ، بەڵام لە کاتێکدا کە لەئیحرام پۆشیدا دەبن یەکێکتان نەخۆش دەبێت ، یان ئازارێك لەسەریدا هەبێت و پێویستی کرد سەری بتاشێ و سەری تاشی ، ئەوا فیدیەی لەسەرە : کە ئەبێت سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت ، یان سەدەقە بدات بە لەهەژاران ، یان شەکێك سەربڕێ .

۞ ڕۆژوو کەفارەتی ئەو کەسانەیە کە توانای سەربڕینی هەدیان نیە :

بەبەڵگەی ئایەتی پێشوو کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ ... فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴾ (البقرة : ١٩٦) ، واتە : حەج وعومرە بەتەواوی بەجێبگەیەنن ، و بەخاڵصی بۆ خوای پەروەردگار ئەنجامیان بدەن ... ، وە هەر کەسێك لە ئێوە جۆری حەجەکەی حەجی تەمەتوع بوو ئەوا پێویستە بەگوێرەی توانا ئاژەڵێك سەربڕێت ، بەڵام ئەگەر کەسێك نەیبوو ، ئەوا پێویستە لەسەری سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بێت لە مانگەکانی حەجدا

، و حەوت ڕۆژی تریش کە لەکارەکانی حەج بوویەوە و گەڕایەوە نێو ماڵ ومنداڵی خۆی ، ئەوەش دە ڕۆژی کامڵ و تەواون کە پێویستە بگیردرێن .... هتد .

۞ ڕۆژوو کەفارەتی بە هەڵە کوشتنی بەبمان بێدراوە :

خوای پایە بەرز فەرموویەتی : ﴿ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِّيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةً فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ اللّهِ وَكَانَ اللّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴾ (النساء : ٩٢) ، واتە : لە کوشتنی هەڵەدا ئەگەر بکوژەکە باوەڕداربێ ، و کوژراوەکە لە هۆزێك بوو لە نێوانتان پەیمان و بەڵێن هەبوو ، ئەوا پێویست لەسەر بکوژەکەی ئەویە کە دیاریەك بداتە کەس و کارەکەی ، و کۆیلەیەکی باوەڕداریش رزگار بکات . خۆ ئەگەر هەرکەسێك توانای نەبوو لەسەر ڕزگارکردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار ، ئەوا پێویستە لەسەری دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت بۆ ئەوەی خوای پەروەردگار لێی خۆشبێت ، بێگومان خوای بەرز و بڵند وپایبەرەز زانا و بەئاگایە بەهەقیقەتی حاڵ و باڵی بەندەکانی ، وە دانایە لەوەی بۆی شەرعاندون .

۞ کەفارەتی سوێند شکاندن و بەجێ نەهێنانی :

خوای بیسەر و زانا دەفەرموێت : ﴿ لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (المائدة : ٨٩) .

ئەی موسڵمانان : خوای پەروەردگار سزاتان نادات لەسەر ئەو سوێندانەی کە مەبەستان دامەزراند و گرێبەندکردنیان نیە و سەرزارەکین و بەدەمتاندا دێت ، وەك وتەی هەندێکیان کە دەڵێن : (نا واللَّه ، بەڵێ واللَّه) ، بەڵکو تۆڵەتان لێدەسێنێت لەسەر ئەو سوێندانەی کە مەبەستان دامەزراند و گرێبەندکردنیانە لەدڵدا ، جا ئەگەر سوێندەکەتان نەبردەسەر و شکاندتان ئەوا تاوانی سوێندەکەتان بەو کەفارەتە دەسڕێتەوە کە خوای پەروەردگار بۆی دیاریکردوون کە بریتیە لە خواردن پێدانی دە کەسی دەست کورت و هەژار کە ئەوەندەیان نیە بەشیان بکات و پێویستیەکانیان پڕبکاتەوە ، یان کەلوپەلیان ، یان ئازادکردنی بەندەیەك لە کۆیلایەتی ، وە ئەو کەسەش کە وەفای بە سوێندەکەی نەکردووە و شکاندوویەتی ئەوا سەرپشکە لەنێوان ئەم سێ کارەدا ، وە ئەگەر هاتوو هیچ کام لەم سیانەی بۆ نەکرا و نەیتوانی ، ئەوا لەسەریەتی سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت . ئا ئەوانەی کە باسکران بریتین لە کەفارەتی شکاندنی

سوێندەکانتان ، جا ـ ئەی موسڵمانان ـ پارێزگاری لە سوێندەکانتان بکەن : بە دوورکەوتنەوە لە سوێندخواردن ، یان وەفاکردن بەسوێندەوە کە خواردتان ، یاخود ئەگەر شکانتان کەفارەتی بدەن . هەر بەو شێوەیەی کە خوای پەروەردگار سوێندخواردن و کەفارەتدانی بۆ ڕوونکردنەوە ئاوهاش حوکمەکانی ئاینەکەیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، بۆ ئەوەی سوپاسگوزاری ئەو بکەن لەسەر ئەوەی کە ڕێنمایی کردوون بۆ ڕێگەی ڕاست .

۞ کەفارەتی ڕاوکردن لە کاتی ئیحرامدا :

خوای بە توانا و دانا دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَفَ وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللّهُ مِنْهُ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ﴾ (المائدة : ٩٥) .

واتە : ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرەکەی ﷺ هێناوە و بەڕاستان زانیون و کردەوە بە شەرعەکەی دەکەن ، نێچیری وشکانی مەکوژن لە کاتێکدا کە ئیحرامتان بۆ حەج یان بۆ عومرە پۆشیوە یاخود لەناو حەرەمدابوون ، وە هەرکەسێك هەرجۆرە نێچیرێك بەئەنقەست بکوژێت ئەوا سزاکەی ئەوەیە کە دەبێت بەوێنەی ئەو نێچیرە ئاژەڵێك سەربڕێت : لە ووشتر یان مانگا یان مەڕ و بزن ، پاش خەملاندنی دوو پیاوی دادپەروەر بۆ ئەو گیانلەبەرە ، و بیدات بەهەژارانی حەرەمی مەککە ، وە یان نرخی هاوشێوەی ئەو گیانلەبەرە بدات خواردن بکڕێت وبیدات بەهەژارانی حەرەم ، یان بەبڕی ئەو خواردن پێدانە ڕۆژانێك بەڕۆژوو بێت ، خوای پەروەردگار ئەم سزایەی لەسەر فەرزکردووە لە ئاکامی کردەوەکەیدا . وە ئەو کەسانەشی کە کەوتبێتنە هەر شتێك لەو شتانەوە پێش حەرامبوونیان ئەوا خوای بەرز وبڵند و پایەبەرز لێیان بوراوە ، بەڵام ئەو کەسەی بەئەنقەست بگەڕێتەوە بۆ سەرپێچیکردن پاش حەرامکردنی ، ئەوا خۆی دەخاتە بەر تۆڵە و سزای سەختی خوای پەروەردگار . خوای بەرز وبڵند وپایەبەرزیش بەهێز و بەتوانایە لە مولك و سوڵتانی خۆیدا ، و لە بەهێزی و تواناشی ئەوەیە کە هەرکات بیەوێت تۆڵە لەو کەسە دەکاتەوە کە سەرپێچی دەکات ، و هیچ ڕێگرێکیش ناتوانێت ڕێگری لێبکات لەوەدا .

۞ کەفارەتی زیهارە ـ واتە : ئەو کەسەی بە خێزانەکەی دەڵێت : تۆ وەکو دایکم ـ یان هاوشێوەکانی ـ وایت ـ :

خوای جوانکار و بەتوانا دەفەرمووێت : ﴿ وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ * فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾ (المجادلة : ٣ ـ ٤) .

واتە : وە ئەوانەی بەزیهارکردن ژنەکانیان لەخۆیان حەرامدەکەن ، و پاشان پەشیمان دەبنەوە و دەیانەوێت لەگەڵ ژنەکانیان سەرجێگەیی بکەن ، ئەوا ـ لەو حاڵەتەدا ـ ئەو مێردەی زیهاری کردووە کەفارەتی حەرامکردنەکەی لەسەر پێویستە کە بریتیە لە : کۆیلەیەکی موسڵمان پیاو یان ئافرەت رزگار بکات پێش ئەوەی سەرجێگەیی لەگەڵ ئەو خێزانەیدا بکات کە زیهاری لەبەرامبەردا کردووە ، ئەوەیە حوکمی خوای پەروەردگار ـ سەبارەت بەوانەی کە زیهاریان لەبەرامبەر خێزانەکانیان کردووە ـ کە ئامۆژگاری ئێوەی باوەڕداری پێدەکرێت ، بۆ ئەوەی توشی زیهار و ووتەی درۆ نەبنەوە ، و کەفارەت بدەن کاتێك دوچارتان دەبێت ، وە بۆ ئەوەی جارێکی تر بۆی نەگەڕێنەوە و دووبارەی نەکەنەوە ، وە بشزانن کە هیچ لە کردەوەکانتان لەلای خوای پەروەردگار شاراوە نیە ، هەر خۆشێتی لەسەریان پاداشتتان دەداتەوە .

وە ئەوەش کە کۆیلەی دەست نەکەوت ئازادی بکات ، ئەوە پێویستە لەسەری دوو مانگ لەسەریەك بەبێ دابڕان ڕۆژوو بگرێت بێش ئەوەی سەرجێگەیی لەگەڵ خێزانەکەیدا بکات ، وە هەرکەس بە هۆی عوزرێکی شەرعی نەیتوانی دوو مانگەکە بە ڕۆژوو بێت ، ئەوا پێویستە لەسەری نانی شەست هەژار ـ کە ئەوەندەی نیە پێویستیەکانی پڕبکاتەوە و تێری بکات ـ بدات ، ئەوەی کە بۆمان ڕوونکردنەوە حوکمەکانی زیهار بوو ، ئەو ڕوونکردنەوەیەش بۆ ئەوەیە کە باوەڕ بەخوای پەروەردگار بهێنن وشوێن کەوتەی پەیامبەرەکەی بن ﷺ ، و کار بە شەرعەکەی بکەن ، و واز بهێنن لەوەی کە لەسەردەمی نەفامیتان لەسەری بوون، وە ئەو حوکمانەی باسمان کرد فەرمان و سنوری خوای پەروەردگارن جا ئەو سنورانە مەبەزێنن ، وبشزانن کە سزایەکی بە ئێش هەیە بۆ ئەوانەی نکۆڵی لەو حوکمانە دەکەن .

۞ وەڕۆژوو هاوبەشبش دەبێت لەگەڵ نوێژ و زەکات و هەندێك بەرسنشی نردا بۆ کەفارەتی ئەو ئاوان و هەڵانەن کە ئوشی بەندەی موسڵمان دەبن لە هەڵسوکەوتەکانی لە بوارە جیاجیاکانی ژیانیدا :

بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە (حُذَيْفَةُ) ـەی کوڕی (الْيَمَانِ) رضي الله عنه دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « فِتْنَةُ الرَّجُلِ فِي أَهْلِهِ ، وَ مَالِهِ ، وَوَلَدِهِ ، وَ جَارِهِ ، تُكَفِّرُهَا الصَّلَاةُ ، وَالصِّيَامُ ، وَالصَّدَقَةُ ، [وَالْأَمْرُ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيُ عَنِ الْمُنْكَرِ] » [1] ، واتە : ڕۆژوو لەگەڵ ئەوانەی تر کە لە فەرموودەکەدا باس کراوون کەفارەتی ئەو تاوان وهەڵانەن کە توشی بەندەی موسڵمان دەبن لە بواری هەڵسوکەوتیدا لەگەڵ خانەوادە و کەس وکار و نەوە و دراوسێکانیەوە ، ئەوانەی کە لە بواری دارایيدا تووشی دەبێت [2] .

۞ ڕۆژوو دەبێت بە کەفارەتی جووتبوون لە ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزاندا :

بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە تێیدا هاتووە : ((جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ ﷺ فَقَالَ : هَلَكْتُ يَا رَسُولَ اللَّه ! قَالَ : « وَمَا أَهْلَكَكَ ؟ » . قَالَ : وَقَعْتُ عَلَى امْرَأَتِي فِي رَمَضَانَ . قَالَ : « هَلْ تَجِدُ مَا تُعْتِقُ رَقَبَةً ؟ » . قَالَ : لاَ . قَالَ : « فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ ؟ » . قَالَ : لَا . قَالَ : « فَهَلْ تَجِدُ مَا تُطْعِمُ سِتِّينَ مِسْكِيناً ؟ » . قَالَ : لَا ، قَالَ ثُمَّ جَلَسَ فَأُتِيَ النَّبِيُّ ﷺ بِعَرَقٍ فِيهِ تَمْرٌ . فَقَالَ : « تَصَدَّقْ بِهَذَا » . قَالَ : أَفْقَرَ مِنَّا ؟ فَمَا بَيْنَ لَابَتَيْهَا أَهْلُ بَيْتٍ أَحْوَجُ إِلَيْهِ مِنَّا . فَضَحِكَ النَّبِيُّ ﷺ حَتَّى بَدَتْ أَنْيَابُهُ ، ثُمَّ قَالَ : « اذْهَبْ فَأَطْعِمْهُ أَهْلَكَ » [3] ، واتە : پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ و پێی فەرموو : تیاچووم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەویش پێی فەرموو : چی لە ناوی بردیت ؟ فەرمووی : لەگەڵ خێزانەکەمدا جووت بووم لە مانگی ڕەمەزاندا ، فەرمووی : ئایا دەتوانیت کۆیلەیەك ڕزگار بکەیت ؟ فەرمووی : نەخێر ، فەرمووی : ئایا دەتوانیت دوو مانگ لە سەر یەك بە ڕۆژوو بیت ؟ فەرمووی : نەخێر ، فەرمووی : ئایا دەتوانیت خواردنی شەست هەژار بدەیت ؟ فەرمووی

---

[1] رواه البخاري ، كتاب الصوم ، بابٌ : الصوم كفَّارة ، برقم : ١٨٩٥ ، و مسلم ، كتاب الإيمان ، باب رفع الأمانة والإيمان من بعض القلوب وعرض الفتن على القلوب ، برقم : ١٤٤ .

[2] بروانە : (فتح الباري ، لابن حجر : ٦ / ٦٠٥) .

[3] متفق عليه : البخاري ، برقم ١٩٣٧ ، ومسلم ، برقم : ١١١١ ، واللفظ له .

: نەخێر ، فەرمووی باشە دانیشە و چاوەڕێ بکە ، ئەویش دانیشت ، لەو کاتەدا سەبەتەیەك خورمایان هێنا بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەم خورمایە بەرەو بیکە بەخێر ، فەرمووی : بەسەر لەخۆم هەژارتر ؟! لە نێوان ئەم پەڕ و ئەو پەڕی ئەم شارەدا کەسێکی تر نیە لە ئێمە هەژارتر بێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێکەنی تا دانەکانی دەرکەوت و فەرمووی : بیبە ، بە خواردنی خێزانەکەتی دە .

❑ ڕۆژوو شورا و قەلاّبەکی بنەوەلەڕووی ئاگری دۆزەخدا :

لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە (أبو هريرة) رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : « الصِّيَامُ جُنَّةٌ ، وَحِصْنٌ حَصِيْنٌ مِنَ النَّارِ »[1] ، واتە : ڕۆژوو پارێزەرە و شورا و قەلاّیەکی پتەوە لەڕووی ئاگری دۆزەخدا .

❑ گرنگی ڕۆژووی ڕۆژێك لە بڕناو خوای بەروەردگار حەفتا پاییز خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە :

لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکرێت کە ڕۆژوو قەلاّ و پارێزەرە لەئاگری دۆزەخ ، و موسڵمان خۆی پێدەپارێزێت لەو ئاگرە ، و بەهۆیەوە لێی دووردەکەوێتەوە ... لەوانەش :

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : « مَا مِنْ عَبْدٍ يَصُومُ يَوْماً فِي سَبِيْلِ اللَّهِ إِلَّا بَاعَدَ اللَّهُ بِذَلِكَ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ سَبْعِيْنَ خَرِيْفاً »[2] ، واتە : هیچ بەندەیەك نیە لە بەندەکانی خوای پەروەردگار کە ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار بە ڕۆژوو بێت ، ئیللا بە هۆیەوە خوای پەروەردگار حەفتا پایز (واتە : حەفتا ساڵ) ڕوومەتی لە ئاگری دۆزەخ دووردەخاتەوە .

---

[1] رواه أحمد في مسنده ، برقم : ٩٢٢٥، وصحح إسناده محققو المسند (مسند أحمد ، ط الرسالة : ١٥ / ١٢٣) ، وحسنه العلامة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ، برقم : ٩٨٠ ، وصحيح الجامع الصغير وزيادته ، برقم : ٣٨٨٠ .

[2] أخرجه البخاري في صحيحه ، برقم : ٢٨٤٠ ، ومسلم في صحيحه ، برقم : ١١٥٣ ، عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه ، واللفظ لمسلم ، قال الحافظ ابن حجر العسقلاني .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى. : عَنْ قَوْلِهِ : « سَبْعِيْنَ خَرِيْفاً » : ((وَالْمُرَادُ بِهِ هُنَا الْعَامُ)) (فتح الباري : ٦ / ٤٨) .

یان دەفەرموویت : « الصِّيَامُ جُنَّةٌ ، يَسْتَجِنُ بِهَا الْعَبْدُ مِنَ النَّارِ » [1] ، واتە : ڕۆژوو پارێزەرە بەندەی موسڵمان خۆی پێدەپارێزێت لە ئاگری دۆزەخ .

هەندێك لە زانایان بۆچونیان وایە کە ئەم فەرموودانەی کە باسکران دەربارەی چاکەی ڕۆژوو ، تایبەتن بە کاتی جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا [2] ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ڕۆژوو ئەگەر تەنها لە پێناوی خوای پەروەردگاردا بێت و بەپێی ئەو ڕوونکردنەوانە بێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی ئەوا لە پێناوی خوادایە با لەو کاتەشدا نەبێت .

❑ گرنگی ڕۆژووی ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار سەد ساڵ ئاگری دۆزەخ لە خاوەنەکەی دوور دەخاتەوە :

(عُقْبَة) ـەی کوڕی (عامر) رضي الله عنه لە فەرموودەیەکدا لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : ((مَنْ صَامَ يَوْماً فِي سَبِيلِ اللَّه بَاعَدَ اللَّهُ مِنْهُ جَهَنَّمَ مَسِيرَةَ مِائَةِ عَامٍ)) [3] ، واتە : هەر کەسێك ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار بە ڕۆژوو بێت ، ئەوا خوای پەروەردگار بە مەودای ڕۆشتنی سەد ساڵ ئاگری دۆزەخی لێ دووردەخاتەوە .

---

[1] أخرجه الإمام أحمد : (٣ / ٢٩٦) عن جابر ، و في : (٤ / ٢٢) عن عثمان بن أبي العاص . رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا . ، وحسنه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٤٣٠٨ ، عن جابر رضي الله عنه ، بلفظ : « قَالَ اللَّهُ ، . تَعَالَى . : الصِّيَامُ جُنَّةٌ يَسْتَجِنُّ بِهَا الْعَبْدُ مِنَ النَّارِ ، وَهُوَ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ » .

[2] قال الإمام النووي . رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى . : ((**فيه** : فضيلة الصيام في سبيل اللَّه ، وهو محمول على من لا يتضرر به ، ولا يفوت به حقاً ، ولا يختل به قتاله ولا غيره من مهمات غزوه . **ومعناه** : المباعدة عن النار ، والمعافاة منها ، **والخريف** : السنة ، **والمراد به** : سبعين سنة)) (شرح النووي على صحيح مسلم : ٨ / ٢٨١) ، وانظر : (فتح الباري ، لابن حجر : ٦ / ٤٨) .

وقال الإمام القرطبي . رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى . في قوله ﷺ : « مَنْ صَامَ يَوْماً فِي سَبِيْلِ اللَّهِ » : ((أي : في طاعة اللَّه ، يعني : قاصداً به وجه اللَّه . تَعَالَى . ، وقد قيل عنه : إنه الجهاد في سبيل اللَّه)) (المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم : ٣ / ٢١٧) .

[3] رواه النسائي في سننه ، برقم : ٢٢٥٤ ، وفي السنن الكبرى ، برقم : ٢٥٧٤ ، والطبراني في مسند الشاميين ، برقم : ٨٩٦ ، وحسنه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٦٣٣٠ ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة ، برقم : ٢٥٦٥ ، وصحيح وضعيف سنن النسائي ، برقم : ٢٢٥٤ .

❑ گرنتی ڕۆژووی ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار بە ئەندازەی دووری نێوان ئەرز و ئاسمان خاوەنەکەی لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە :

بە بەڵگەی فەرموودەی (أبو أُمَامَة الْبَاهِلِي) ـەوە رضي الله عنه ، کە دەگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : « مَنْ صَامَ يَوْمَاً فِي سَبِيْلِ اللَّهِ ، جَعَلَ اللَّهُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ النَّارِ خَنْدَقاً كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ » [1] ، واتە : هەر کەسێك ڕۆژێك لە پێناو خوای پەروەردگار بە ڕۆژوو بێت ، ئەوا خوای پەروەردگار بەو کارەی دۆڵێك لە نێوان ئەو و ئاگری دۆزەخدا دروست دەکات ، دووری نێوانیان وەکو دووری نێوان ئاسمان و زەویە .

❑ پاداشتی ڕۆژووانان پاداشتێکی دیاری نەکراوە.

(أَبُو هُرَيْرَة) رضي الله عنه دەگێڕێتەوە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « قَالَ اللَّهُ : كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَم لَهُ إِلَّا الصِّيَامَ ، فَإِنَّهُ لِيْ وَأَنَا أَجْزِي بِهِ ، وَالصِّيَامُ جُنَّةٌ ، وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُم ، فَلَا يَرْفَثُ ، وَلَا يَصْخَبُ ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُل : إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ [2] ، وَالَّذِيْ نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَخَلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ رِيْحِ الْمِسْكِ [3] ، لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ

---

[1] رواه الترمذي في سننه ، برقم : ١٦٢٤ ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، برقم : ١٦٢٤ ، وقال : ((حسن صحيح)) ، وفي سلسلة الأحاديث الصحيحة ، برقم : ٥٦٣ ، وفي صحيح الجامع الصغير ، برقم : ٦٣٣٣ .

[2] ئەو کارەش بە ووتەیەکی بیستراو دەبیت بۆ ئەوەی جنێودەر وشەڕگێڕ واز لەکارەکەیان بیهێنن ، یان ووتراوە : ئەم ووتەیە لە دەرونی خۆیدا دەبێت بۆ ئەوەی ڕۆژووان دووربخاتەوە لە جنێو وشەڕکردن . ووتەی یەکەم ڕوونترە و ووتەی پەسەندکراوە ، چونکە ووشەی (ووتە) ڕەهایە و ووتەی زمان نەبێت هیچی تر ناگرێتەوە . بەڵام ئەوەی لە دەروندایە تایبەتکراوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرموودەیەکدا کە (أبو هريرة) دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت : « إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِأُمَّتِي مَا حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسُهَا مَا لَمْ تَتَكَلَّمْ بِهِ ، أَوْ تَعْمَلْ بِهِ » (متفق عليه) ، واتە : خوای پەروەردگار قەڵەمی نووسینی تاوانی لەسەر ئومەتەکەم هەڵگرتووە لەو شتانەی کە لەدەروونی خۆیاندا دەیڵێنەوە ، ئەگەر بە ووتە نەیڵن (واتە : بە زمان دەری نەبڕن) ، و کردەوەی پێ نەکەن . بەمەش ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ووتەی ڕەها (الكلام المطلق) تەنها بە ووتەی بیستراو دەوترێت کە لە شێوەی دەنگ و پیتدا بوتریت خوای پایە بەرزیش زاناترە .

[3] بڕوانە ووتەکانی زانای پێشەوا (ابن القيم) کە لەم بارەیەوە لە کتێبی (الوابل الصيب من الكلم الطيب : ٣٢ ـ ٣٨) ـدا نووسیویەتی .

يَفْرَحُهُمَاْ : إِذَا أَفطَرَ فَرِحَ ، وَإِذَا لَقِيَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَومِهِ » [1] ، واتە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی : هەموو کردەوەی نەوەکانی ئادەم بۆ خۆیەتی تەنها ڕۆژوو نەبێت بۆ منە ، و تەنها منیش پاداشتی دەدەمەوە (واتە : هەمووی پاداشتێکی دیاری کراوی هەیە ڕۆژوو نەبێت پاداشتی دیاری نەکراوە) ، ڕۆژووش پارێزەرە لە ئاگری دۆزەخ ، جا ئەگەر هەر یەکێك لە ئێوە بە ڕۆژوو بوو باواز لە ووتەی پڕوپوچ بهێنێت و هاتوهاوار نەکات ، وە ئەگەر کەسێك جنێوی پێدا یان شەڕی پێگێڕا با بڵێت : من کەسێکی ڕۆژووانم ، سوێند بەو زاتەی کە نەفسی موحەممەدی بەدەستە : بۆنی دەمی ڕۆژووان لە ڕۆژی دواییدا لەلای خوای پەروەردگار لە بۆنی میسك خۆشترە ، ڕۆژووان دوو خۆشی هەیە ودڵخۆش دەبێت پێیان : ئەگەر ڕۆژوو بشکێنێت پێی خۆشحاڵ دەبێت ، وە ئەگەر چاوی بە خوای خۆی کەوت خۆشحاڵە بەڕۆژوو گرتنەکەی .

لە ڕیوایەتی پێشەوا (الْبُخَارِي) ـدا هاتووە : « يَتْرُكُ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ وَشَهْوَتَهُ مِنْ أَجْلِي ، الصِّيَامُ لِي وَأَنَاْ أَجْزِي بِهِ ، وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَاْ » ، واتە : ڕۆژووان واز لە خواردن و خواردنەوە و ئارەزووەکانی دێنێت ، ڕۆژووگرتن بۆ منە و تەنها منیش پاداشتی دەدەمەوە ، ڕۆژوو پاداشتێکی دیاری نەکراوم بۆ دانراوە ، چاکەش بە دە ئەوەندەی خۆی پاداشت دەدرێتەوە .

بەڵام لە ڕیوایەتی ئیمامی (مُسْلِم) ـدا بەم شێوەیە هاتووە : « كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ يُضَاْعَفُ ، الْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَاْ ، إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ ، قَاْلَ اللَّهُ ـ تَعَالَى ـ : إِلَّا الصَّوْمَ ، فَإِنَّهُ لِي ، وَأَنَاْ أَجْزِي بِهِ ، يَدَعُ شَهْوَتَهُ ، وَطَعَامَهُ مِنْ أَجْلِي ، وِلِلصَّاْئِمِ فَرْحَتَاْنِ : فَرْحَةٌ عِنْدَ فِطْرِهِ ، وَفَرْحَةٌ عِنْدَ لِقَاْءِ رَبِّهِ ، وَلَخَلُوفُ فَمِ الصَّاْئِمِ عِنْدَ اللَّهِ أَطْيَبُ مِنْ رِيْحِ الْمِسْكِ » ، واتە : هەموو کردەوەیەکی نەوە وڕۆڵەکانی ئادەم پاداشتەکەی چەندە جاری خۆی زیاد دەکرێت ، چاکەیەك بە دەجار ئەوەندەی خۆی تاوەکو حەوسەد جاری خۆی ، خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ... هتد .

❑ بۆنی دەمی ڕۆژووان لەلای خوا لە ڕۆژی دواییدا لە بۆنی میسك خۆشترە :

بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە (أَبُو هُرَيْرَة) ﵁ دەیگێڕێتەوە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « ... ، وَالَّذِيْ نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَخَلُوفُ فَمِ الصَّاْئِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ رِيْحِ الْمِسْكِ ، ... » [2] ، واتە : سوێند بەو زاتەی کە نەفسی موحەممەدی بەدەستە : بۆنی دەمی ڕۆژووان لە ڕۆژی دواییدا لەلای خوای پەروەردگار خۆشترە لە بۆنی میسك .

---

[1] رواه البخاري ، برقم : ١٩٠٤ ، ومسلم ، برقم : ١١٥١ ، واللفظ للبخاري .

[2] رواه البخاري ، برقم : ١٩٠٤ ، ومسلم ، برقم : ١١٥١ ، واللفظ للبخاري .

❑ ڕۆژوو شەفاعەتکاری خاوەنەکەیەتی لە ڕۆژی دواییدا :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ يَومَ الْقِيَامَةِ ، يَقُولُ الصِّيَامُ : أَيْ رَبِّ مَنَعْتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهْوَةَ فَشَفِّعْنِي فِيهِ ، وَيَقُولُ الْقُرْآنُ : مَنَعْتُهُ النَّومَ بِاللَّيْلِ ، فَشَفِّعْنِي فِيهِ ، قَالَ : فَيُشَفَّعَانِ » [1] ، واتە : ڕۆژوو و قورئانی پیرۆز لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەت دەکەن بۆ خاوەنەکەیان ، ڕۆژوو دەڵێت : پەروەردگارم خواردن و ئارەزووەکانم لێ قەدەغەکردبوو لە دونیادا ، خوایە من بکە بە شەفاعەتکار بۆی ، قورئانیش دەڵێ : منیش شەوان خەوم لی قەدەغەکردبوو ، جا خوایە منیش بکە بە شەفاعەتکار بۆی ، پاشان فەرمووی : خوای پەروەردگار هەردوو دەکات بە شەفاعەتکار بۆی ، و لێی خۆش دەبێت .

❑ دەرگای (الرَّيَان) لە دەرگاکانی بەهەشت ئاپبەنە بە ڕۆژووانانەوە :

(سَهْل) ـی کوڕی (سَعْد) رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « إِنَّ فِي الْجَنَّةِ بَاباً يُقَالُ لَهُ : الرَّيَّانُ ، يَدْخُلُ مِنْهُ الصَّائِمُونَ يَومَ الْقِيَامَةِ ، لاَ يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُم ، فَإِذَا دَخَلُوا أُغْلِقَ ، فَلَم يَدْخُلْ مِنهُ أَحَدٌ ، فَإِذَا دَخَلَ آخِرُهُم أُغْلِقَ ، وَمَنْ دَخَلَ شَرِبَ وَمَنْ شَرِبَ لَمْ يَظْمَأْ أَبَداً » [2] ، واتە : یەکێك لە دەرگاکانی بەهەشت پێی دەوترێت : (الرَّيَّان) ، و لەڕۆژی دوایدا تەنها ڕۆژووانانی لێوە دەچێتە ژوورەوە ، و هیچ کەسێك جگە لە ڕۆژووانان لەم دەرگایەوە ناچێتە ژوورەوە ، ئەم دەرگایە دوای چونەژوورەوەی ڕۆژووانان دادەخرێت ، ئیتر کەسی

---

[1] أخرجه الإمام أحمد في مسنده ، برقم : ٦٦٢٦ ، وقال الهيثمي في (مجمع الزوائد : ٣ / ١٨١) بعد أن زاد نسبته للطبراني في (الكبير) : ((وَرِجَالُ الطَّبَرَانِيِّ رِجَالُ الصَّحِيْحِ)) ، وصححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٣٨٨٢ .

تێبینیەك : سودێك لەم فەرموودەیە و هاوشێوەکانی ـ کە تێیدا باس لەکردەوکان دەکات لەسەر شێوەی بینراو و بەرجەستە ـ وەردەگیرێت ئەوەیش ئەوەیە کە : پێویستە بڕوایەکی تەواومان هەبێت بەم فەرموودانە ، بەبێ گۆڕین (تَحْرِيْف) ولێکدانەوەی هەڵە (تَأْوِيْل) بۆیان ، ئەم کارەیش ڕێگا وڕێبازی پیاو چاکانی پێشینە (طريقة السلف الصالح) ، کە بێگومان ئەم ڕێگایەش سەلامەت ترین وزانستی ترین وپتەوترین ڕێگەیە (أسلم وأعلم وأحكم) ، جگە لەوەش یەکێکە لەمەرجەکانی ئیمان ، خوای پایەبەرز دەفەرموێت : ﴿ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ﴾ (البقرة : ٣) .

[2] أخرجه البخاري ، برقم : ١٨٩٦ ، ومسلم ، برقم : ١١٥٢ ، والزيادة الاخيرة لابن خزيمة في صحيحة ، برقم : ١٩٠٣ .

لێوە ناچێتە ژوورەوە ، یان : ئەگەر دوا کەسی ڕۆژووانان چووە بەهەشتەوە ئەوا ئەم دەرگایە دادەخرێت ، ئەو کەسەش لەم دەرگایە بڕواتە ژوورەوە ئاوێك دەخواتەوە ، و ئەوەش ئەو ئاوە بخواتەوە هەرگیز تیونوی نابێت .

وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە (أَبو هُرَيْرَة) ﷺ دەگێڕتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « مَنْ أَنْفَقَ زَوْجَيْنِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ، نُودِيَ مِنْ أَبْوَابِ الجَنَّةِ : يَا عَبْدَاللَّهِ هَذَا خَيْرٌ ، فَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصَّلَاةِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الصَّلَاةِ ، وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الجِهَادِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الجِهَادِ ، وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصِّيَامِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الرَّيَّانِ ، وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصَّدَقَةِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الصَّدَقَةِ » ، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ ﷺ : بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا عَلَى مَنْ دُعِيَ مِنْ تِلْكَ الأَبْوَابِ مِنْ ضَرُورَةٍ ، فَهَلْ يُدْعَى أَحَدٌ مِنْ تِلْكَ الأَبْوَابِ كُلِّهَا ؟ ، قَالَ : « نَعَمْ ، وَأَرْجُو أَنْ تَكُونَ مِنْهُمْ » [1] ، واتە : « هەر کەسێك دوو شت لەیەك بابەت بکات بە خێر و صەدەقە لە پێناو خوای پەروەردگار ، ئەوا لە دەرگاکانی بەهەشتەوە بانگی لێوە دەکرێت : ئەی بەندەی خوا ئەم دەرگایەت بۆ چاکترە و پاداشتی باشترە ، جا ئەوەی کە ئەهلی نوێژ بێت ـ واتە سەرباری نوێژەفەرزەکان زیاتر لەخەڵکی سوننەتەکان ئەنجام دەدات و پێوەی دیارە ـ ، ئەوا لە دەگای نوێژەوە بانگی لێوە دەکرێت ، وە ئەوەش کە ئەهلی جیهاد و تێکۆشان بێت لە پێناو خوای پەروەردگار ، ئەوا لە دەرگای جیهاد و تێکۆشانەوە بانگی لێوە دەکرێت ، وە ئەوەش کە ئەهلی ڕۆژوو بێت ـ واتە سەرباری ڕۆژووە فەرزەکان زیاتر لەخەڵکی سوننەتەکان ئەنجام دەدات و پێوەی دیارە ـ ، ئەوا لە دەرگای ڕەییانەوە بانگی لێوە دەکرێت ، وە ئەو کەسەش کە ئەهلی زەکات وصەدەقەکردن بێت ، ئەوا لە دەرگای زەکات و صەدەقەوە بانگی لێوە دەکرێت » ، لەو کاتەدا (أَبُو بَكْرٍ) ﷺ فەرمووی : باوك و دایکم بەقەربانی تۆ بێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ : هیچ زەرەر و زیانێك نیە لەسەر ئەو کەسەی کە لەو دەرگایانەوە بانگ بکرێت ، بەڵام ئایا هیچ کەسێك هەیە لە هەموویانەوە بانگ بکرێت ؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : « بەڵێ، هیواداریشم کە تۆ یەکێك بیت لەوانە » .

---

[1] رواه البخاري ، برقم : ١٨٩٧ ، ومسلم ، برقم : ١٠٢٧ .

قَالَ بَعْضُ الْعُلَمَاءِ .رَحِمَهُمُ اللَّهُ تَعَالَى. : سُمِّيَ بَابُ الرَّيَّانِ تَنْبِيْهاً عَلَى أَنَّ الْعَطْشَانَ بِالصَّوْمِ فِي الْهَوَاجِرِ سَيُرْوَى ، وَعَاقِبَتُهُ إِلَيْهِ ، وَهُوَ مُشْتَقٌّ مِنَ الرَّيِّ ... وَدَعْوَتُهُ مِنَ الْأَبْوَابِ جَمِيْعاً : أَنْ يُخَيَّرَ فِي الدُّخُولِ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ ، وَهَذَا مَزِيْدُ تَكْرِيْمٍ وَفَضْلٍ له ... وَاللَّهُ أَعْلَمُ .

❑ ئەو کەسەی کۆتایی ژیانی بەڕۆژووی ڕۆژێك بێت مەبەستی نێبدا ئەنها خوای پەروەردگار بێت خوای پەروەردگار دەیخاتە بەهەشتەوە:

لەبەر فەرموودەکەی (حذيفة) ﷺ کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((مَنْ قَالَ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـهُ ـ ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّـهِ ـ خُتِمَ لَهُ بِـهَا دَخَلَ الْـجَنَّـةَ ، وَمَنْ صَامَ يَوْماً ـ ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّـهِ ـ خُتِمَ لَهُ بِـهَا دَخَلَ الْـجَنَّـةَ ، وَمَنْ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ ـ ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّـهِ ـ خُتِمَ لَهُ بِـهَا دَخَلَ الْـجَنَّـةَ)) [1] ، واتە : هەر کەسێك تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بڵێت : (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـهُ) ، و کۆتایی ژیانی بەوەبێت ، ئەوا دەڕواتە بەهەشتەوە ، وە هەر کەسێك ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار وکۆتایی ژیانی بەوەبێت ، ئەوا دەڕواتە بەهەشتەوە ، وە هەر کەسێکیش لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بەخشین و صەدەقەیەك بکات ، و کۆتایی ژیانی بەوەبێت ، ئەوا دەڕواتە بەهەشتەوە .

❑ ڕۆژوو ڕۆژووان دەخاتە بەهەشتەوە:

لە (أبو أمامة) وە ﷺ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : ((أَتَيْتُ رَسُولَ اللَّـهِ ﷺ فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّـهِ ! مُرْنِي بِعَمَلٍ آخُذُهُ عَنْكَ ، يُدْخِلُنِي الْـجَنَّـةَ ، قَالَ : « عَلَيْكَ بِالصَّوْمِ ، فَإِنَّهُ لَا مِثْلَ لَهُ ، [وفي رواية : فَإِنَّهُ لَا عَدْلَ لَهُ] » [2] ، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ ، و پێم ووت : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کردەوەیەکم پێ بڵێ لە خۆتی وەرگرم ، و بمباتە بەهەشتەوە ، ئەویش فەرمووی : بەڕۆژوو بە ، ڕۆژووش هاوشێوەی نیە .

وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە (أبو هريرة) ﷺ دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێکیان لە ناو هاوەڵانیدا دانیشتوە و دەپرسێت : « مَنْ أَصْبَحَ الْيَوْمَ مِنْكُمْ صَائِماً ؟ » ، قال أبو بكر : أنا . قال : « فَمَنْ اتَّبَعَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ جَنَازَةً ؟ » ، قال أبو بكر : أنا . قال : « فَمَنْ

---

[1] رواه أحمد في مسنده (ط الرسالة) ، برقم : ٢٣٣٢٤ ، وقال محققو المسند : ((صحيح لغيره)) ، وصححه الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب :١/ ٢٣٨) ، برقم : ٩٨٥ .

[2] رواه أحمد في مسنده ، برقم : ٢٢١٤١ ، ٢٢١٩٥ ، أخرجه النسائي في سننه ، برقم : ٢٢٢٠ ، ٢٢٢٣ ، وقال شعيب الأرناؤوط : إسناده صحيح ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي ، برقم : ٢٢٢٠ ، وفي صحيح الجامع ، برقم : ٤٠٤٤ ، وفي الصحيحة ، برقم : ١٩٣٧، وانظر : (الجامع الصحيح للسنن والمسانيد : ٧ / ٢٥٢) .

أَطْعَمَ مِنْكُمْ الْيَوْمَ مِسْكِيْناً ؟ » ، قال أبو بكر : أنا . قال : « فَمَنْ عَادَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ مَرِيْضاً ؟ » ، قال أبو بكر : أنا ، فقال رسول اللّه ﷺ : « مَا اجْتَمَعْنَ فِي امْرِئٍ إِلَّا دَخَلَ الْجَنَّةَ » [1] ، واتە پێغەمبەری خوا ﷺ پرسی : کێ لە ئێوە ئەمڕۆ بەڕۆژووە ؟ ئەبو بەکر فەرمووی : من ، پاشان پرسی : ئەی کێ لە ئێوە ئەمڕۆ شوێنی جەنازەیەك کەوتووە ؟ ئەبو بەکر فەرمووی : من ، دیسان پرسی : ئەی کێ لە ئێوە ئەمڕۆ خواردنی داوە بە هەژارێك ؟ ئەبو بەکر فەرمووی : من ، دیسانەوە پرسی : ئەی کێ لە ئێوە ئەمڕۆ نەخۆشێکی بەسەر کردووەتەوە ؟ بەهەمان شێوە ئەبو بەکر فەرمووی : من ، لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەو چوارە لە هیچ کەسێکدا کۆ نابنەوە ـ لە ڕۆژێکدا ـ ئیللا دەڕواتە بەهەشتەوە .

❑ خوای پەروەردگار ژوورێ ئاپەنی بۆ ئەو ڕۆژوانانە داناوە کە ڕۆژووی پەك لەدوای پەك دەگرێت :

بە بەڵگەی فەرموودەکەی (أبو مالك الأشعري) کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : « إِنَّ فِي الْجَنَّةِ غُرَفاً يُرَى ظَاهِرُهَا مِنْ بَاطِنِهَا ، وَبِاطِنُهَا مِنْ ظَاهِرِهَا ، أَعَدَّهَا اللَّهُ ـ تَعَالَى ـ لِمَنْ أَطْعَمَ الطَّعَامَ ، وَأَلَانَ الْكَلَامَ ، وَتَابَعَ الصِّيَامَ ، وَأَفْشَى السَّلَامَ ، وَصَلَّى بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ » [2] ، واتە : لە بەهەشتدا ژووری وا هەیە ، لە ناسکی و تەنکی و ڕوونی دیوارەکانی لەناوەوەی دەرەوەی دیارە و لەدەرەوەشی ناوەوەی دیارە ، خوای پەروەردگار داینناوە بۆ ئەو کەسانەی ئەم کار و کردەوانەی تێدا بێت : خواردن بە هەژاران وکەم دەرامەت و میوانەکانی بدات ، و نەرم ونیان بێت لەگوفتاریدا ، و ڕۆژوو لەدوای ڕۆژوو ـ مەبەستی ڕۆژووی سوننەتە جگە لەفەرزەکان ـ بگرێت ، سەلامیش لە هەموو کەسێك بکات ـ ناسراوبن یان نەناسراو ـ ، وە لەکاتی نوستنی خەڵك لە شەودا خەریکی نوێژکردن بێت .

---

[1] رواه مسلم ، في صحيحه ، برقم : ١٠٢٨ ، والبخاري في الأدب المفرد ، برقم : ٥١٥ ، ولفظ البخاري في الأدب المفرد : « مَا اجْتَمَعَتْ هَذِهِ الْخِصَالُ فِي رَجُلٍ فِي يَوْمٍ إِلَّا دَخَلَ الْجَنَّةَ » ، وصححه الألباني في صحيح الأدب المفرد ، ص١٩٥ .

[2] رواه أحمد في المسند ، برقم : ٢٢٩٠٥ ، وابن حبان (موارد) ، برقم : ٦٤١ ، والترمذي عن عليٍّ ﷺ ، في كتاب صفة الجنة ، باب ما جاء في صفة غرف الجنة ، برقم : ٢٥٢٧ ، وحسنه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، رقم : ٢٥٢٧ وصحيح الجامع ، برقم : ٢١١٩ .

❑ بە خواردنداڕ بێداڕی ڕۆژووان هەماڕ پاداشتی ئەو بەدەست دێنێت :

لەبەر فەرموودەی (زَيْد) ـی کوڕی (خَالِد الـجُهَنِيّ) ﷺ کە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « مَنْ فَطَّرَ صَائِماً كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ ، غَيْرَ أَنَّـهُ لَا يَنْقُصُ مِنْ أَجْرِ الصَّائِمِ شَيْئاً » [1] ، واتە : ئەو کەسەی خواردن بە ڕۆژووانێك بدات ، ئەوا هاوشێوەی پاداشتی ئەوی بۆ هەیە ، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی ڕۆژوونەکە کەم بکات .

[1] رواه الترمذي في سننه ، كتاب الصوم ، باب ما جاء في فضل من فطر صائماً ، برقم : ٨٠٧ ، وابن ماجه ، كتاب الصيام ، باب في ثواب من فطر صائماً ، برقم : ١٧٤٦ ، وصححه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٦٤١٥ ، وفي رواية : « مَنْ فَطَّرَ صَائِماً ، أَوْ جَهَّزَ غَازِياً ؛ فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ » ، صححه الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٦٤١٤ .

چاکەکانی مانگی ڕەمەزان

- مانگی ڕەمەزانی مانگی دابەزینی قورئانی پیرۆزە .
- مانگی ڕەمەزانی پیرۆز مانگی دابەزینی هەندێك لە پەیام و ئایینەکانی خوای پەروەردگارە بۆ پێغەمبەرانی ئری .
- گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بە باوەڕ و چاوەڕوانی پاداشتەوە هۆکاری لێخۆشبوونی ئاوان و گوناهەکانە .
- هەر کەسێك پاش شایەتومان ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت . ئەوا لەگەڵ ڕاسنگۆیان و شەهیدانرا دەبێت .
- لەم مانگەدا دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ، ودەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن ،و شەیتانەکان و مارد ەپاخیبووەکانی جنۆکە کۆت دەکرێن .
- شەوی قەدر لەم مانگەدایە کە زیندوکردنەوەی بەیەرسنش خێری لە یەرسنشی هەزار مانگ زیاترە .
- کۆشش و هەوڵدانی زیاتر لە دەشەوی کۆتایی ئەم مانگەدا سوننەتە .
- یاداشت و خێری عومرەکردن لەم مانگەدا وەك خێری حەجێکی ئەواوە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ .
- مانگی ڕەمەزان دوعا و پاڕانەوەی تێدا گیرا دەبێت .
- یلە و پایەی ئەو کەسەی کە دەگات بە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و تێیدا بەڕۆژوو دەبێت بەرزتر دەبێت لەو کەسەی کە پێش ئەو مردبێت ئەگەر لە پێناوی خوای پەروەردگاریش لە تێکۆشاندا شەهید بووبێت .
- مانگی ڕەمەزان مانگی خوێندنەوەو لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە .

چاکەکانی مانگی ڕەمەزان

ڕەمەزان مانگی خێر و بەرەکەتە ، خوای پەروەردگار چەندین چاکە و فەزڵی ئاشکرای پێ بەخشیوە ، ئەوەش ئەم شێوانەی خوارەوەیە :

❑ مانگی ڕەمەزانی مانگی دابەزینی قورئانی پیرۆزە :

خوای پەروەردگار قورئانە پیرۆزەکەی ناردۆتە خوارەوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنیشاندەری خەڵکی ، وە بۆ ئەوەی شیفاش بێت بۆ بڕواداران و ڕێنموکاریش بێت بۆ ڕاسترین کار ، و ڕونکردنەوەش بێت بۆ ڕاسترین کار و ڕێگایەکی سەرفرازی ، ئەم ناردنەخوارەوەش ، لەمانگی ڕەمەزانی خێر و بەرەکەت بوو ، خوای خاوەن عەرشی گەورە دەفەرموێت : ﴿ شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِىَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ ﴾ (البقرة : ١٨٥) ، واتە : مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی پیرۆز تێدا هێنراوەتە خوارەوە ، بۆ ئەوەی ببێتە ڕێنیشاندەری خەڵکی ، و چەندەها ڕونکردنەوەی تێدایە بۆ ڕێنیشاندان ، و جیاکردنەوەی ڕەوایی و ناڕەوایی لە یەکتر .

وە ئەو دابەزینەش بەشێوەیەکی دیاری تر ـ هەروەکو ئاشکرایە لە لای هەمووان ـ لە شەوی پیرۆزی قەدردا بووە ، ئەوەش لە دە شەوی کۆتایی ئەم مانگە پیرۆزە ، خوای پەروەردگار لەو بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴾ (القدر : ١) ، واتە : ئێمە قورئانی پیرۆزمان لە شەوی قەدردا دابەزاندووە ، وە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةٍ مُّبَارَكَةٍ إِنَّا كُنَّا مُنذِرِينَ ﴾ (الدخان : ٣) ، واتە : ئێمە ئەو قورئانەمان لە شەوی قەدری پیرۆزی پڕ لە خێر و بەرەکەتدا ناردوەتە خوارەوە ، کە لەمانگی ڕەمەزاندایە . وە بە ڕاستی ئێمە خەڵکمان ئاگەدارکردەوەتەوە بەوەی کە سودیان پێدەگەیەنێت ، و بەوەش کە زەرەیانیان پێدەگەیەنێت ، ئەوەش لەڕێگەی ناردنی پەیامبەران و دابەزاندنی پەرتوك و کتێبەکانەوە ، بۆ ئەوەی بەڵگەی خوای پەروەردگار بەسەر بەندەکانەوە جێگیر ببێت .

ئەوەش بزانە برای خۆم خوای پەروەردگار بەرەکەتی خۆیت بەسەردا بڕێژێت ، وەسفکردنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز (بەوەی کە قورئانی تێدا هێنراوەتە خوارەوە) لە ڕستەی یەکەمدا و دەست پێکردنی ڕستەی دوای ئەو بە پیتی (فـ) واتای هۆکار و سەبەب دەگەیەنێت : ﴿ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ﴾ ئەم ئایەتە ئەوە دەگەیەنێت بەڕێگەی ئاماژە کردن بۆ هۆکارەکە کە هۆی هەڵبژاردنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بۆ ئەوەی کە موسوڵمانان تیایدا بە ڕۆژوو بن ئەوەیە کە قورئانی پیرۆزی تێدا هێنراوەتە خوارەوە .

❑ مانگی ڕەمەزانی پیرۆز مانگی دابەزینی هەندێك لە پەیام و ئایینەکانی خوای پەروەردگارە:

بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە (وَاثِلَة) ـەی کوڕی (الْأَسْقَع) ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : « أُنْزِلَتْ صُحُفُ إِبْرَاهِيْمَ ـعَلَيْهِ السَّلَامُ ـ فِي أَوَّلِ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَان ، وَأُنْزِلَتْ التَّوْرَاةُ لِسِتٍّ مَضَيْنَ مِنْ رَمَضَان ، وَالْإِنْجِيْلُ لِثَلَاثِ عَشْرَةٍ خَلَتْ مِنْ رَمَضَانَ ، وَأُنْزِلَ الْقُرْآنُ لِأَرْبَعٍ وَعِشْرِيْنَ خَلَتْ مِنْ رَمَضَانَ »[1] ، واتە : (صُحُف إِبْرَاهِيْم) ـ عَلَيْهِ السَّلَامُ ـ لە یەکەم شەوی ڕەمەزاندا دابەزێنراوە ، وە (التَّوْرَاةُ) یش لە شەشەم شەوی ڕەمەزاندا دابەزێنراوە ، وە (الْإِنْجِيْلُ) یش لە شەوی سێنزەیەمی ڕەمەزاندا دابەزێنراوە ، وە قورئانی پیرۆزیش لە بیست و چوارەم شەوی ڕەمەزاندا دابەزێنراوە .

❑ گرنگی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بە باوەڕ و چاوەڕوانی پاداشتەوە هۆکاری لێخۆشبوونی ئاوان و گوناهەکانە:

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بەچاکەی ڕۆژوو کردووە ئەوەش لەو فەرمایشتەی کە فەرموویەتی : ﴿ وَأَن تَصُومُواْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (البقرة : ١٨٤) ، واتە : بێگومان ڕۆژووگرتنتان چاکترە بۆتان ئەگەر بەو کارەتان بزانن .

وە لە سوننەتی پێغەمبەری خواشدا ﷺ هەندێك لەچاکەکانی باسکردووە ، و بەو کارە هانی موسڵمانانی داوە بۆ گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ، یەکێك لەو فەرموودانەی کە لەو بارەیەوە هاتووە ئەوەیە کە ئەگەر ڕۆژووان تاوانەکانی پێشووی چەندە زۆر بێت خوای پەروەردگار و پایە بەرز بەهۆی ئەم پەرستشە موبارەکەوە لێی خۆشدەبێت .

ئەوەتا لە (أبو هريرة) ـەوە ﷺ دەگێڕنەوە ، ئەویش لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی : « مَنْ صَامَ رَمَضَان إِيمَاناً ، وَاحْتِسَاباً ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ »[2] ، واتە : هەرکەسێك ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت ، بەمەرجێك بڕوای بەفەرزێتی ئەم کارە هەبێت و

---

[1] رواه الإمام أحمد في مسنده ، برقم : ١٦٩٨٤، وحسنه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة ، برقم : ١٥٧٥ ، وقال : ((وهذا إسناد حسن ، رجاله ثقات)) .

[2] أخرجه البخاري ، برقم : ١٩٠١ ، ومسلم ، برقم : ٧٥٩ .

واتای : « إِيْمَاناً وَاحْتِسَاباً » : واتە : بڕوا بوون بە فەرزێتی ڕۆژووەکە ، وە حەز بوون لە پاداشتەکەی و لە دەرونیشدا ڕازی بێت بەو کارە و ڕۆژوو گرتنی پێ ناخۆش نەبێت .

چاوەڕوانی پاداشتی ڕۆژی دوایی بێت ، ئەوا خوای میهرەبان لە هەموو ئەو گوناهانەی کە کردوویەتی خۆش دەبێت .

وە هەر لەوەوە ﷺ دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : « الصَّلَوَاتُ الْخَمْسِ ، وَالْجُمْعَةُ إِلَى الْجُمَعَةِ ، وَرَمَضَانَ إِلَى رَمَضَانَ ، مُكَفِّرَاتٌ لِمَا بَيْنَهُنَّ إِذَا اجتُنِبَت الْكَبَائِرُ » [1] ، واتە : پێنج فەرزەی نوێژ و نوێژی هەینی بۆ نوێژەکەی تر ، وە ڕۆژووی ڕەمەزان بۆ ڕەمەزانەکەی تر ، گوناهەکان دەسڕنەوە کە لە نێوانیاندا ئەنجام دەدرێت ، بەمەرجێك موسڵمانان خۆی لەگوناهە گەورەکان بپارێزێت .

❑ هەر کەسێك پاش شایەتومان ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت . ئەوا لەگەڵ ڕاسنگۆیان و شەهیداندا دەبێت :

لە (عَمْرو) ی کوڕی (مُرَّة الْجُهَنِيّ) ـەوە ﷺ دەگێڕنەوە فەرموویەتی : ((جَاءَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ رَجُلٌ مِنْ قُضَاعَةٍ ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ! أَرَأَيْتَ إِنْ شَهِدْتُ : أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَأَنَّكَ رَسُولُ اللَّهِ ، وَصَلَّيْتُ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ ، وَصُمْتُ الشَّهْرَ ، وَقُمْتُ رَمَضَانَ ، وَآتَيْتُ الزَّكَاةَ ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ : « مَنْ مَاتَ عَلَى هَذَا كَانَ مِنَ الصِّدِّيْقِيْنَ وَ الشُّهَدَاء »)) [2] ، واتە : پیاوێك لە هۆزی (قُضَاعَة) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر شایەتی ئەوە بدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە لە بووندا شایستەی پەرستن بێت جگە لە ﷻ ، و شایەتی ئەوەش بدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت ، و پێنج فەرزەش

---

[1] أخرجه مسلم ، برقم : ٢٣٣ .

[2] أخرجه ابن خزيمة في صحيحه ، بَاب فِي فَضْلِ قِيَامِ رَمَضَانَ ، وَاسْتِحْقَاقِ قَائِمِهِ اسْمَ الصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ إِذَا جَمَعَ مَعَ قِيَامِهِ رَمَضَانَ صِيَامَ نَهَارِهِ ، وَكَانَ مُقِيماً لِلصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ ، مُؤَدِّياً لِلزَّكَاةِ ، شَاهِداً لِلَّهِ بِالْوَحْدَانِيَّةِ ، مُقِرّاً لِلنَبِيِّ ﷺ بِالرِّسَالَةِ ، برقم : ٢٢١٢ ، و ابن حبان ، في صحيحه ، برقم : ٣٤٣٨ ، والطبراني في مسند الشاميين ، برقم : ٢٩٣٩ ، وصححه الألباني في صحيح ابن خزيمة ، برقم : ٢٢١٢ ، وصَحِيح التَّرْغِيبِ وَالتَّرْهِيب ، برقم : ٧٤٩ ، وقيام رمضان ، ص١٢ ، وقال الألباني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ في (قيام رمضان فضله وكيفية أدائه ومشروعية الجماعة فيه ومعه بحث قيم عن الاعتكاف ، ص ١٨) : ((أخرجه ابن خزيمة وابن حبان في صحيحيهما ، وغيرهما بسند صحيح ، انظر تعليقي على (ابن خزيمة : ٣ / ٣٤٠ / ٢٢٦٢) ، و (صحيح الترغيب : ١ / ٤١٩ / ٩٩٣))) .

وانظر : (الجامع الصحيح للسنن والمسانيد : ٢١ / ٤٢٦) .

نوێژ ئەنجام بدەم ، و زەکاتیش بدەم ، لەگەڵ بە ڕۆژوو بونم لە مانگی ڕەمەزاندا ، و کردنی نوێژی (تەراویح) ، لە چ کۆمەڵێك دەبم ؟ پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : هەر کەسێك لەسەر ئەوە بمرێت لە کۆمەڵی ڕاستگۆیان و شەهیدان دەبیت .

❑ لەم مانگەدا : دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ، و دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن ،و شەیتانەکان و مارد ەباخبیووەکانی جنۆکە کۆت دەکرێن :

لەم مانگە موبارەکەدا خراپە کەم دەبێتەوە لەسەر زەویدا : شەیتانەکان و (مارد) ــە یاخی بووەکانی جنۆکە کۆت دەکرێن بە زنجیر و پاوەند ، بەوەش توانای زیانیان نیە بە بەندەکانی خوا بەو شێوەیەی چۆن لەپێشدا زیانیان پێدەگەیاندن ، ئەوەش بەهۆی خەریکبوونی موسڵمانان بەڕۆژووەوە ، ئەو ڕۆژووەی کە هۆی سەرکوتکردنی ئارەزووەکانە ، وە بەهۆی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و هەموو چەشنە پەرستەکانی تر کە هۆی پەروەردە و پاك بوونەوەی دەرونن ، خوای پایە بەرز دەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ (البقرة : ١٨٣) ، واتە : ڕۆژووتان لەسەر فەرز کراوە هەروەکو چۆن لەسەر ئومەتانی پێش ئێوە فەرز کراوە بۆ ئەوەی لە خوا بترسن و خۆتان بپارێزن لە سزای خوا .

بۆیە دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و دەرگاکانی بەهەشتیش دەکرێنەوە ، چونکە لەم مانگەدا کاری چاکە و ووشەی شیرین زۆر دەبێت .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : « إِذَا جَاءَ رَمَضَانُ فُتِحَ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ [1] ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النِّيْرَانِ ، وَصُفِّدَتِ الشَّيَاطِيْنُ » [2] ، واتە : کە مانگی ڕەمەزان بەسەردا دێت دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە ، و دەرگاکانی دۆزەخیش دادەخرێن ، و شەیتانەکان کۆت وزنجیر دەکرێن .

هەموو ئەوانەش لە شەوی یەکەمی ئەم مانگە پیرۆزە دەبێت ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : « إِذَا كَانَ أَوَّلُ لَيْلَةٍ مِنْ شَهْرِ رَمَضَان ، صُفِّدَتِ الشَّيَاطِيْنُ وَمَرَدَةُ الْجِنِ ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ فَلَمْ يُفْتَح مِنْهَا بَابٌ ، وَفُتِحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ فَلَمْ يُغْلَق مِنْهَا بَابٌ ، وَيُنَادَي مُنَادٍ يَا بَاغِيَ الْخَيْرِ أَقْبِلْ وَيَا بَاغِيَ الشَّرِ أَقْصِرْ ، وَلِلَّهِ عُتَقَاءُ مِنَ النَّارِ وَذَلِكَ كُلَّ لَيْلَةٍ

---

[1] في رواية لـمُسلم : « فُتِحَتْ أَبْوَابُ الرَّحْمَةِ » .

[2] رواه البخاري ، برقم : ١٨٩٨، ١٨٩٩، ٣٢٧٧ ، ومسلم ، برقم : ١٠٧٩ .

» [1] ، واته : كه ڕۆژی یەكەم بەسەردا دێت لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆز ، شەیتانەكان و مارده یاخی بووەكانی جنۆكە كۆت و زنجیر دەكرێن و دەرگاكانی دۆزەخ دادەخرێن و هیچ دەرگایەكیان ناكرێتەوە ، وە دەرگاكانی بەهەشتیش دەكرێنەوە و هیچ دەرگایەكیان داناخرێت ، وە بانگەوازكارێك بانگ دەكات و دەڵێت : ئەی ئەو كەسەی چاكەت دەوێت چاكەی زیاتر بكە ، وە ئەی ئەو كەسەی خراپەت دەوێت وازبێنە ـ چونكە مانگەكە مانگی تەوبە و لێخۆشبوونە ـ ، خوای پەروەردگاریش هەموو شەوێك لەشەوەكانی ئەم مانگە پیرۆزە چەندەها كەس ڕزگار دەكات لە ئاگری دۆزەخ .

پێشەوا (الـمباركفوري) .رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى . فەرموویەتی :

((قِيلَ : **الْحِكْمَةُ فِي تَقْيِيدِ الشَّيَاطِينِ وَتَصْفِيدِهِمْ** ، كَيْ لَا يُوَسْوِسُوا فِي الصَّائِمِينَ ، وَأَمَارَةُ ذَلِكَ تَنَزُّهُ أَكْثَرِ الْـمُنْهَمِكِينَ فِي الطُّغْيَانِ عَنْ الْـمَعَاصِي وَرُجُوعِهِمْ بِالتَّوْبَةِ إِلَى اللَّهِ . تَعَالَى . .

وَأَمَّا مَا يُوجَدُ خِلَافَ ذَلِكَ فِي بَعْضِهِمْ فَإِنَّهَا تَأْثِيرَاتٌ مِنْ تَسْوِيلَاتِ الشَّيَاطِينِ أَغْرَقَتْ فِي عُمْقِ تِلْكَ النُّفُوسِ الشِّرِّيرَةِ وَبَاضَتْ فِي رُؤُوسِهَا .

قَالَ الْقُرْطُبِيُّ ... : **فَإِنْ قِيلَ : كَيْفَ نَرَى الشُّرُورَ وَالْمَعَاصِيَ وَاقِعَةً فِي رَمَضَانَ كَثِيراً ؟** ، فَلَوْ صُفِّدَتْ الشَّيَاطِينُ لَمْ يَقَعْ ذَلِكَ .

فَالْجَوَابُ : أَنَّهَا إِنَّمَا تَقِلُّ عَنْ الصَّائِمِينَ الصَّوْمَ الَّذِي حُوفِظَ عَلَى شُرُوطِهِ وَرُوعِيَتْ آدَابُهُ . أَوْ الْـمُصَفَّدُ بَعْضُ الشَّيَاطِين ... ، وَهُمْ الْـمَرَدَةُ ، لَا كُلُّهُمْ ... ، وَهَذَا أَمْرٌ مَحْسُوسٌ فَإِنَّ وُقُوعَ ذَلِكَ فِيهِ أَقَلُّ مِنْ غَيْرِهِ ، إِذْ لَا يَلْزَمُ مِنْ تَصْفِيدِ جَمِيعِهِمْ أَنْ لَا يَقَعَ شَرٌّ وَلَا مَعْصِيَةٌ ؛ لِأَنَّ لِذَلِكَ أَسْبَاباً غَيْرَ الشَّيَاطِينِ ، كَالنُّفُوسِ الْـخَبِيثَةِ ، وَالْعَادَاتِ الْقَبِيحَةِ ، وَالشَّيَاطِينِ الْإِنْسِيَّةِ)) [2] .

واته : ووتراوە : حیكمەت و دانایی لە بەستنەوە و كۆتكردنی شەیتانەكان ، لەبەر ئەوەیە كە وەسوەسە بۆ ڕۆژووانان نەكەن ، بەڵگەی ئەوەش ئەوەیە دوورگەوتنەوە و خۆپاك ڕاگرتنە لە تاوان لەلای زۆرێك لەوانەی كە ڕۆژچوون لە سەركەشی و تاوان ، و گەڕانەوەیان بە تۆبەكردنیان بۆ لای خوای پەروەردگاری بەرز و بڵند و پایەبەرز .

---

[1] أخرجه الترمذي في سننه ، برقم : ٦٨٢ ، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي ، برقم : ٦٨٢ ، وفي مشكاة المصابيح ، برقم : ١٩٦٠ [٥] ، وحسنه في صحيح الجامع ، برقم : ٧٥٩ .

[2] (تحفة الأحوذي : ٣ / ٢٩١ ـ ٢٩٢) .

بەڵام سەبارەت بەوەی کە پێچەوانەی ئەوە دەبینرێت لە هەندێکیان ، ئەوا بێگومان کاریگەری ئەوەیە کە شەیتان لە دەروون خراپەکار و مێشکیاندا پێشتر دروستی کردووە .

پێشەوا (الْقُرْطُبِيّ) فەرموویەتی : وە ئەگەر ووترا چۆن خراپەکاری و تاوانی زۆر دەبینین لە ڕەمەزاندا ڕوو دەدات ؟ ، خۆ ئەگەر شەیتانەکان کۆت بکرایەن ئەوا هەموو ئەوانە ڕۆی نەدەدا .

لە وەڵامی ئەوەدا دەووترێت : بێگومان ئەو کارە لە ڕۆژووانان کەم دەبێتەوە ، ئەو ڕۆژووەی کە مەرجەکانی تێدایە و ئادابەکانی تێدا ڕەچاوکراوە . یان دەوترێت : کۆت و زنجیرکراوەکان هەندێکن لە جنۆکەکان ... کە ئەوانیش مارەدە سەرکەشەکانن ، نەك هەموو جنۆکە ... ، وە ئەوەش شنێکی بینراوی بەرجەستەیە کە دەبینرێت لەم مانگە ئەو کارانە کەمترن لە مانگەکانی تر ، چونکە تەنانەت کۆتکردن و بەستنەوەی هەمووشیان ئەوە ناگەیەنێت کە کە هەر خراپە و تاوان نەکەوێتەوە ، چونکە خراپە و تاوان هۆکاری تری جگە لە شەیتانەکانی هەیە ، وەك دەروونە پیسەکان ، داب و نەریتە ناقۆڵاکان ، شەیتانەکانی مرۆڤیش .

❑ شەوی قەدر لەم مانگەدایە کە زیندوکردنەوەی بەیەرسنش خێری لە یەرسنشی هەزار مانگ زیاترە :

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿ إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ * وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ * لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ ﴾ (القدر : ١ ـ ٣) ، واتە : ئێمە قورئانی پیرۆزمان لە شەوی قەدر ـ شەوی ڕێز و چاکە ـ ـدا ناردۆتە خوارەوە ، کە شەوێکە لە شەوانی مانگی ڕەمەزان ، جا چ شتێك ـ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ـ هەواڵی ئەو شەوەی بە تۆ ڕاگەیاندووە ؟ شەوی قەدر شەوێکی پیرۆزە ، و ئەنجامدانی کردەوەی چاك لەو شەوەدا لە چاکەی هەزار مانگ کە ئەو شەوەی تێدا نەبێت چاکترە . ئەوەش بەخشش و چاکاکاریەکە لەلایەن خوای بەرز وبڵند و باڵادەستەوە بۆ ئەم ئومەتە .

وە (أَبو هُرَيْرَةَ) رضي الله عنه لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : « أَتَاكُمْ رَمَضَانُ شَهْرٌ مُبَارَكٌ ، فَرَضَ اللَّهُ ـ عَزَّ وَجَلَّ ـ عَلَيْكُمْ صِيَامَهُ ، تُفْتَحُ فِيهِ أَبْوَابُ السَّمَاءِ ، وَتُغْلَقُ فِيهِ أَبْوَابُ الْجَحِيمِ ، وَتُغَلُّ فِيهِ مَرَدَةُ الشَّيَاطِينِ ، لِلَّهِ فِيهِ لَيْلَةٌ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ شَهْرٍ، مَنْ حُرِمَ خَيْرَهَا فَقَدْ حُرِمَ » [1] ، واتە : مانگی ڕەمەزانتان بەسەردا هاتووە کە مانگێکی

---

[1] رواه الإمام أحمد في مسنده ، برقم : ٧١٤٨ ، والنسائي في سننه ، برقم : ٢١٠٦ ، وصححه الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي ، برقم : ٢١٠٦ ، والتعليق الرغيب : ٢ / ٦٩ ، ومشكاة

پیرۆز و موبارەکە ، خوای پەروەردگار ڕۆژووگرتنی ئەو مانگەی لەسەر فەرزکردوون ، جا بەڕۆژوو بن تیایدا ، دەرگاکانی ئاسمانی تێدا دەکرێنەوە ، و دەرگاکانی دۆزەخی تێدا دادەخرێن ، و شەیتانە ماردەکانی تێدا کۆت وزنجیر دەکرێن ، شەوێکی تێدایە خێرتر وچاکترە لەهەزار مانگ ، ئەو کەسەی لەخێر وچاکەی ئەو شەوە بێ بەش بێت ئەوا لە هەموو خێرێك بێ بەشە .

جا بەوەی کە خوای پەروەردگار مانگی ڕەمەزانی هەڵبژاردوە ، و لەشەوێکی ئەم مانگەدا قورئانی پیرۆزی ناردوەتە خوارەوە دەتوانرێت بەڕێگەی « قیاس » ئەوە بزانرێت کە دەبێت شەوانی ئەم مانگە بەگشتی و شەوی قەدر بەتایبەتی پەرستشێکی زیاتری تێدا بکرێت ، ئەوەش بەم ڕێگانەی خوارەوە :

أ / پیرۆزترین ڕۆژ لەلای خوای پەروەردگار لەم مانگەدایە کە قورئانی تێدا نێردراوەتە خوارەوە ، بۆیە پێویستە تایبەتمەند بکرێت بەزیادکردنی کردەوەی چاك .

باشترین بەڵگەش کە پاڵپشی ئەم تێگەیشتنە بکات بەدواگەڕانی شەوی قەدرە لەلایەن پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانیەتی ـ خوای پەروەردگار لە هەموویان ڕازی بێت ـ ، و تایبەتمەندکردنێتی بە کردەوەی زیاتر ، باسی ئەمەش .إِنْ شَاءَ اللَّهُ. لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا لە باسی (ليلة القدر) ـدا باس دەکرێت .

ب / موسڵمانان هەر نیعمەتێکیان دەست کەوتبێت ، وا پێویست دەکات کردەوەی زۆر بکەن بۆ شوکرانەبێژی ئەو نیعمەتەی کە پێیان بەخشراوە ، بەڵگەش ئەم ووتەیە ئەوەیە کە خوای پەروەردگار دوای بەسەربردنی مانگی ڕەمەزان فەرموویەتی : ﴿ وَلِتُكْمِلُواْ الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ (البقرة : ١٨٥) .

واتە : بۆ ئەوەی ڕۆژەکانی ڕەمەزان تەواو بکەن و خوای خۆتان بە گەورە بزانن لەبەر ئەو ڕێنیشاندانەی کە کردوونی وە بۆ ئەوەی شوکرانە بژێری نیعمەتەکانی خوا بکەن .

وە خوای پایە بەرز دوای کۆتای هاتنی نیعمەتی حەج دەفەرموویت : ﴿ فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُواْ اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا ﴾ (البقرة : ٢٠٠) .

واتە : ئەگەر هەموو کردەوەکانی حەجتان تەواو کرد زیکری خوا بکەن و خواتان لە یاد بێت چۆن باوکانتان لەیادە یان لەوەش زیاتر .

المصابيح ، برقم : ١٩٦٢ ، وصحيح الجامع ، برقم : ٥٥ ، وقال أحمد شاكر في تحقيقه للمسند : ((إسناده صحيح)) (مسند أحمد ت شاكر : ٧ / ٦ ـ ٧) .

❑ کۆشش و هەوڵدانی زیاتر لە دەشەوی کۆتایی ئەم مانگەدا سوننەتە :

برای موسڵمان ـ خوای پەروەردگار بەرەکەتی خۆیت بەسەردا بڕێژێت و سەرکەوتووت کات بۆ گوێرایەڵی خۆی ـ پاش ئەوەی زانیت کە ئەم شەوە چ شەوێکی گەورەیە ، کەوابوو دە شەوی کۆتایی هەستە و زیندووی بکەرەوە بە پەرستن و دوورکەوتنەوە لە ئافرەتان ، و فەرمان بکە بە خێزانەکەت بەو شتانە و پەرستنی زیاتر بکە لەم شەوەدا .

لە دایکە (عائشة) وە ـ ڕەزای خوای لێبێت ـ دەگێڕنەوە ، فەرموویەتی: « كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا دَخَلَ العَشْرُ شَدَّ مِئْزَرَه [1] ، وأَحْيى لَيْلُهُ ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ » [2] ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر دە شەوی کۆتای بهابتایە پشتی لێدەبەستەوە ـ واتە : دوورئەکەوتەوە لە سەرجێگەیکردن لەگەڵ خێزانەکانیدا و شەوەکانی زیندو دەکردەوە خێزانەکانیشی بە خەبەر دەهێنا .

هەروەها لە (عائشة) وە دەگێڕنەوە فەرموویەتی : « كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَجْتَهِدُ فِي العَشْرِ الأَوَاخِرِ مَا لَا يَجْتَهِدُ فِي غَيْرِهَا » [3] ، واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ لە دە ڕۆژی کۆتایدا زیاتر هەوڵی خواپەرستی دەدا بە شێوەیەك ئەو هەوڵەی لە ڕۆژانی تردا نەدەدا .

❑ یادداشت و خێری عومرەکردن لەم مانگەدا وەك خێری حەجێکی ئەواوە لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ :

لەبەر فەرموودەی (ابْن عَبَّاس) ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ـ : ((أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ : لِامْرَأَةٍ مِنَ الْأَنْصَارِ ـ يُقَالُ لَهَا : أُمُّ سِنَانٍ ـ : « مَا مَنَعَكِ أَنْ تَكُونِي حَجَجْتِي مَعَنَا ؟ » ، قَالَتْ : نَاضِحَانِ [4] كَانَا لِأَبِي فُلَانٍ ـ زَوْجِهَا ـ حَجَّ هُوَ وَابْنُهُ عَلَى أَحَدِهِمَا ، وَكَانَ الْآخَرُ يَسْقِي عَلَيْهِ غُلَامُنَا ، قَالَ : « فَعُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَقْضِي حَجَّةً » أَوْ « حَجَّةً مَعِي » ، [وَفِي لَفْظٍ لِمُسْلِم : « فَإِذَا

---

[1] ئەم بڕگەیە : « شَدَّ مِئْزَرَهُ » کینایەیە بۆ دوور کەوتنەوەی لە ئافرەتان و خۆسەرقاڵکردنێکی زیاتر بە عیبادەت و خوا پەرستی لەو شەوانەدا .

[2] أخرجهُ البخاري ، برقم : ٢٠٢٤ ، ومسلم ، برقم : ١١٧٤ .

[3] أخرجهُ مسلم في صحيحه ، برقم : ١١٧٤ .

[4] نقل الحافظ ابن حجر العسقلاني ـ رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى ـ عن (ابن بَطَّالٍ) قوله : ((**النَّاضِحُ** : الْبَعِيرُ ، أَوِ الثَّوْرُ ، أَوِ الْحِمَارُ الَّذِي يُسْتَقَى عَلَيْهِ ، لَكِنَّ الْمُرَادَ بِهِ هُنَا الْبَعِيرُ لِتَصْرِيحِهِ فِي ... رِوَايَةِ أَبِي دَاوُدَ بِكَوْنِهِ جَمَلاً)) (فتح الباري ، لابن حجر : ٣ / ٦٠٤) .

جَاءَ رَمَضَانُ فَاعْتَمِرِي ، فَإِنَّ عُمْرَةً فِيهِ تَعْدِلُ حَجَّةً »] ، [وَفِي لَفْظٍ لِلْبُخَارِيِّ : « فَإِذَا كَانَ رَمَضَانُ اعْتَمِرِي فِيهِ ، فَإِنَّ عُمْرَةً فِي رَمَضَانَ حَجَّةٌ »] [1] ، واته : پێغەمبەری خوا ﷺ بەئافرەتێکی پشتیوانانی ـ کە پێی دەووترا : دایکی سنان ـ فەرموو : چی ڕێگری لێکردی لەوەی کە حەجت لەگەڵماندا بکردایە ؟ ئەویش فەرمووی : دوو ئاژەڵمان هەبوو ـ لە هەندێك ڕیوایەتدا هاتووە دوو ئاژەڵەکە ووشتر بوون ـ ئاومان پێدەدا ، هی باوکی فلان بوون ـ مێردەکەی ـ خۆی وکوڕەکەی بەسەر یەکێکیانەوە حەجیان کرد ، دووەمیشیان بەندەکەمان ئاوی پێدەدا ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ئەگەر مانگی ڕەمەزان هات ئەوا عومرەی تێدا بکە ، چونکە عومرەیەك لە ڕەمەزاندا هاوشێوەی حەجێکە لەگەڵ مندا .

❑ مانگی ڕەمەزان دوعا و پاڕانەوەی تێدا گیرا دەبێت :

خوای پەروەردگار باسی لە دوعا و پاڕانەوە کردووە لە ناو ئەو ئایەتانەی کە باس لە ڕۆژوو دەکەن فەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُواْ لِى وَلْيُؤْمِنُواْ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُون ﴾ (البقرة : ١٨٦) ، واته : وە ئەگەر ـ ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ـ بەندەکانم پرسیاری منیان لێکردی ، ئەوا پێیان بڵێ : بێگومان من نزیکم لێیانەوە ، و وەڵامی داوای دوعاکار دەدەمەوە کاتێك داوام لێدەکات ، دەسا با گوێڕایەڵیم بکەن لەوەی فەرمانم پێکردوون و لەوەش کە یاساغیم لێکردوون ، وە باوەڕ بە من بهێنن ، بەڵکو ڕێنمایی وەربگرن بۆ بەرژەوەندی ئاین و دونیایان .

لە فەرموودەی (أبو هريرة) ـدا رضي الله عنه هاتووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « إِنَّ للهِ عُتَقَاءَ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ ، لِكُلِّ عَبْدٍ مِنْهُمْ دَعْوَةٌ مُسْتَجَابَةٌ » [2] ، واته : بێگومان خوای پەروەردگار لە هەموو ڕۆژ و شەوێکدا ئازادکراوی هەیە ، هەموو یەکێکیش لەوانە دوعاو پاڕانەوەیەکی وەڵامدراوەی هەیە .

---

[1] رواه البخاري ، كتاب العمرة ، باب عمرة في رمضان ، برقم : ١٧٨٢ ، ومسلم ، كتاب الحج ، باب فضل العمرة في رمضان ، برقم : ١٢٥٦ .

[2] رواه الإمام أحمد في مسنده ، ط الرسالة : ١٢/ ٤٢٠ ، برقم : ٧٤٥٠ ، وقال الأرناؤوط : ((إسناده صحيح على شرط الشيخين)) ، وصححه الألباني في صَحِيح الْجَامِع ، برقم : ٢١٦٩ ، وانظر : (الجامع الصحيح للسنن والمسانيد : ١/ ١٣٠) .

ئاشكراشە ـ هەروەك دەردەكەوێت ـ ئەم فەرموودەیە گشتیە ، بەڵام لە ڕیوایەتی (جَابِر) ـدا ﷺ هاتووە كە ئەو ئازادكردنە لەكاتی بەربانگدا دەبێت لە هەموو ڕۆژێكدا ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « إِنَّ لِلَّـهِ عِنْدَ كُلِّ فِطْرٍ عُتَقَاءَ وَذَلِكَ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ » [1] ، واتە : بێگومان خوای پەروەردگار لەكاتی هەموو ڕۆژوو شكاندنێكدا ئازادكراوی هەیە ، ئەوەش لە هەموو شەوێكدا دەبێت .

وە لەوەش زیاتر و بەوردەكاریەكی زیاتر كە باسی ئەم پرس و باسەی كردبێت فەرموودەكەی (أَبُو سَعِيْدٍ الْخُدْرِيّ) ـە ﷺ كە تێیدا هاتووە : ئازادكردن و پاڕانەوە وەڵامدراوەكە لەمانگی ڕەمەزاندا دەبێت ئەوەش لە هەموو ڕۆژ و شەوێكدا ، هەروەكو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : « إِنَّ لِلَّـه ـ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ـ عُتَقَاءَ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ ـ يَعْنِي : فِي رَمَضَانَ ـ ، وَإِنَّ لِكُلِّ مُسْلِمٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ دَعْوَةً مُسْتَجَابَةً » [2] ، واتە : ، واتە : بێگومان خوای پەروەردگار لە هەموو ڕۆژ و شەوێكدا ئازادكراوی هەیە ـ واتە : لە مانگی ڕەمەزاندا ـ ، وە بێگومان هەموو موسڵمانێكیش لە هەموو ڕۆژ و شەوێكدا دوعاو پاڕانەوەیەكی وەڵامدراوەی هەیە .

❑ یلە و یابەی ئەو كەسەی كە دەگات بەڕەمەزان و نێبدا بەڕۆژوو دەبێت بەرزتر دەبێت لەو كەسەی كە یێش ئەو مردبێت ئەگەر لە یێناوی خوای بەروەردگاریش لە نێڵۆشاندا شەهید بووبێت :

بەڵگەی ئەم ووتەیەش ئەو فەرموودەیەیە كە (طلحة) ـەی كوڕی (عبيداللَّـه) ﷺ دەیگێڕێتەوە و دەفەرموێت : ((أَنَّ رَجُلَيْنِ مِنْ بَلِيٍّ قَدِمَا عَلَى رَسُولِ اللَّـهِ ﷺ ، فكَانَ إِسْلَامُهُمَا جَمِيْعاً ، وكَانَ أَحَدُهُمَا أَشَدَّ اجْتِهَاداً مِنْ الْآخَرِ ، فَغَزَا الْمُجْتَهِدُ مِنْهُمَا فَاسْتُشْهِدَ ، ثُمَّ مَكَثَ الْآخَرُ بَعْدَهُ سَنَةً ، ثُمَّ تُوُفِّيَ . قَالَ طَلْحَةُ : فَرَأَيْتُ فِي الْمَنَامِ : بَيْنَا أَنَا عِنْدَ بَابِ الْجَنَّةِ ، إِذَا أَنَا بِهِمَا ، فَخَرَجَ خَارِجٌ مِنْ الْجَنَّةِ فَأَذِنَ لِلَّذِي تُوُفِّيَ الْآخِرَ مِنْهُمَا ، ثُمَّ خَرَجَ فَأَذِنَ لِلَّذِي

---

[1] رواه ابن ماجه ، كتاب الصيام ، باب ما جاء في فضل شهر رمضان ، برقم : ١٦٤٣، وقال العلامة الألباني في (صحيح ابن ماجه : ٢ / ٥٩) : ((حَسَنٌ صَحِيْحٌ)) .

[2] أخرجه البزار في كشف الأستار عن زوائد البزار ، كِتَابُ الصِّيَامِ ، بَابُ فَضْلِ شَهْرِ رَمَضَانَ ، برقم ٩٦٢ ، وبَابُ دُعَاءِ الْمُسْلِمِ ، برقم : ٣١٤٢ ، وذكره الحافظ ابن حجر في مختصر زوائد مسند البزار على الكتب الستة ، و صححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب ، ١/ ٥٨٦ .

اسْتُشْهِدَ ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَيَّ فَقَالَ : ارْجِعْ ، فَإِنَّكَ لَمْ يَأْنِ لَكَ بَعْدُ ، فَأَصْبَحَ طَلْحَةُ يُحَدِّثُ النَّاسَ ، فَعَجِبُوا لِذَلِكَ ، فَبَلَغَ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ ، وَحَدَّثُوهُ الْحَدِيثَ ، فَقَالَ : « مِنْ أَيِّ ذَلِكَ تَعْجَبُونَ ؟ » قَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ ! ، هَذَا كَانَ أَشَدَّ الرَّجُلَيْنِ اجْتِهَاداً ، ثُمَّ اسْتُشْهِدَ ، وَدَخَلَ هَذَا الْآخِرُ الْجَنَّةَ قَبْلَهُ ! فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : « أَلَيْسَ قَدْ مَكَثَ هَذَا بَعْدَهُ سَنَةً ؟ » قَالُوا : بَلَى . قَالَ : « وَأَدْرَكَ رَمَضَانَ فَصَامَ ، وَصَلَّى كَذَا وَكَذَا مِنْ سَجْدَةٍ فِي السَّنَةِ ؟ » قَالُوا : بَلَى . قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : « فَمَا بَيْنَهُمَا أَبْعَدُ مِمَّا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ »)) [1] .

واتە : دوو پیاو هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ، و هەردووکیان موسڵمان بوون ، و یەکێکیان کۆششی لەویتریان زیاتربوو ، ئەوەیان کە کۆششی زیاتری دەکرد و شەهیدبوو ، پاشان ئەویتریان ساڵێك مایەوە ، و کۆچی دوایی کرد ، (طَلْحَة) دەڵێت : لەخەومدا بینیم : لەبەر دەرگای بەهەشتم ، و بینیم ئەمە دوو پیاوەکەیە ، و یەکێك لە بەهەشتەوە هاتەدەرەوە و ڕێگەیدا بەوەیان کە دواتر مردبوو ، پاشان ڕێگەیدا بەوەیان کە شەهیدبوو بوو ، پاشان هاتەلای من و پێی ووتم : تۆ بگەڕێرەوە ، چونکە هێشتا کاتت نەهاتووە ، و (طَلْحَة) ـەش بەیانی باسەکەی بۆ خەڵك دەگێڕایەوە ، و ئەوانیش تووشی سەرسوڕمان بوون لەو کارە ، و تاکو باسەکە گەشتە پێغەمبەری خوا ﷺ ، و باسەکەیان بۆ گێڕایەوە ، ئەویش فەرمووی : لە چیەکی ئەو باسە سەرتان سوڕماوە ؟ ئەوانیش ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەمەیان لەو دووە زیاتر کۆشش و هەوڵی دەدا ، و پاشان شەهیدیش بوو ، کەچی ئەوەی تریان پێش ئەو چووە بەهەشتەوە !! پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : ئایا ئەمەیان پاش ئەو ساڵێك زیاتر نەماوەتەوە ؟ فەرموویان : بەڵێ . پاشان فەرمووی : وە گەشتە مانگێکی ڕەمەزان ، و بەڕۆژووش بوو تێیدا ، ئەوەندە و ئەوەندە نوێژ کردووە وە ئەوەندەش سوجدەی بردووە لەو ساڵەدا ؟ فەرموویان : بەڵێ . پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : بۆیە نێوانیان لە نێوان ئاسمان و زەوی دوورترە .

❑ مانگی ڕەمەزان مانگی خوێندنەوەو لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە :

عادەتی (جِبْرِيْل) .عَلَيْهِ السَّلَامُ. وابوو هەموو ساڵێك لە هەموو شەوانی مانگی ڕەمەزاندا بە پێغەمەری خوا ﷺ دەگەشت ، و موداریەسەی قورئانی لەگەڵدا دەکرد ، و پێغەمبەری خواش ﷺ قورئانی بەسەر (جِبْرِيْل) ـدا دەخوێندەوە ، ئەوەش بە بەڵگەی فەرموودەکەی (ابن عباس) .رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا. ، کە تێیدا فەرموویەتی : ((كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَجْوَدَ النَّاسِ ،

---

[1] رواه ابن ماجه ، برقم : ٣٩٢٥ ، وصححه الألباني في صحيح سنن النسائي : ٣ / ٢٨٤ .

وَكَانَ أَجْوَدَ مَا يَكُونُ فِي رَمَضَانَ حِيْنَ يَلْقَاهُ جِبْرِيْلُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ ، فَيُدَارِسُهُ الْقُرْآنَ ، فَلَرَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَجْوَدُ بِالْخَيْرِ مِنَ الرِّيْحِ الْمُرْسَلَةِ ، [وَفِي لَفْظٍ : فَإِذَا لَقِيَهُ جِبْرِيْلُ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَجْوَدَ بِالْخِيْرِ مِنَ الرِّيْحِ الْمُرْسَلَةِ)) [1] ، واته : پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو خەڵکی بەخشندەتربوو ، وە بەخشندەترین کاتی لە ڕەمەزاندابوو ، کاتێك کە (جِبْرِيْل) .عَلَيْهِ السَّلَامُ. پێیدەگەشت لە هەموو شەوێکی ڕەمەزاندا ، و موداره‌سەی قورئانی لەگەڵدا دەکرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە چاکەکاری و بەخشندەییدا لە با توندتربوو .

وە لە دایکە (عَائِشَة) ـەوە .رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا. لە (فَاطِمَة) .رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا. ، دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : ((أَسَرَّ إِلَيَّ النَّبِيُّ ﷺ : « أَنَّ جِبْرِيْلَ كَانَ يُعَارِضُنِي بِالْقُرْآنِ كُلَّ سَنَةٍ ، وَإِنَّهُ عَارَضَنِي الْعَامُ مَرَّتَيْنِ ، وَلَا أَرَاهُ إِلَّا حَضَرَ أَجَلِي »)) [2] ، واته : پێغەمبەری خوا ﷺ نهێنیەکی لەلا باسکردم ، ئەویش ئەوەبوو کە فەرمووی : (جِبْرِيْل) .عَلَيْهِ السَّلَامُ. هەموو ساڵێك جارێك موداره‌سەی قورئانی لەگەڵدا دەکردم ، بەڵام ئەم ساڵ دوو جار ئەو کارەی ئەنجام داوە ، جا جگە لە نزیکبوونەوەی مردنم نەبێت هیچی تری تێدا نابینم .

---

[1] رواه البخاري في صحيحه ، كتاب الصوم ، باب أجود ما كان النبي ﷺ يكون في رمضان ، برقم : ١٩٠٢ ، وكتاب المناقب ، باب صفة النبي ﷺ ، برقم : ٣٥٥٤ ، وكتاب فضائل القرآن ، باب كان جبريل يعرض القرآن على النبي ﷺ ، برقم : ٤٩٩٧ ، ومسلم في صحيحه ، كتاب الفضائل ، باب جوده ﷺ ، برقم : ٢٣٠٨ .

[2] رواه البخاري ، كتاب فضائل القرآن ، بابٌ : كان جبريل يعرض القرآن على النبي ﷺ ، برقم : ٤٩٩٧ ، ٤٩٩٨ .